# حوکمی بنەماڵە لە عێراق و ئەو ئاڵنگارییانەی لەبەردەم حکومەت و دیموکراسیدان

لەگەڵ پاشکۆیەک بەناونیشانی:

با لەناو بنەماڵەکەماندا بمێنێتەوە

بەفر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

2024

**ناوی کتێب:** حوکمی بنەماڵە لە عێراق و ئەو ئاڵنگارییانەی لەبەردەم حکومەت و دیموکراسیدان

**بابەت:** لێکۆڵینەوە

**نووسینی:** سەردار عەزیز و بیلال وەهاب

**وەرگێڕان:** کۆسار عەبدوڵڵا

**دیزاینی بەرگ و ناوەوە:** کۆسار عەبدوڵڵا

**نرخ:** ٣٠٠٠ دینار

befrpublishing@gmail.com

# حوکمی بنەماڵە لە عێراق و ئەو ئاڵنگارییانەی لەبەردەم حکومەت و دیموکراسیدان

لەگەڵ پاشکۆیەک بەناونیشانی:

با لەناو بنەماڵەکاماندا بمێنێتەوە


## نووسینی

سەردار عەزیز و بیلال وەهاب

## وەرگێڕانی

کۆسار عەبدوڵڵا



**سەردار عەزیز** تـوێژەر و نووسـەر و ستوونووسـە و وەک ڕاوێژکـاری پێشـکەوتوو لە پەڕلەمـانی کوردسـتان کـاری کـردووە. ئەو بابەتانەی کە زیاتر لێی دەکۆڵێتەوە بریتین لە: سیاسـەتی کوردسـتان و عێراق، ڕۆڵـی چین لە کوردسـتان و عێـراق، پەیوەنـدییە مەدەنـی و سـەربازییەکانی وڵات، وزە و حکـومڕانی. ئەو هاوکـاری بەردەوامـی سـەکۆی فیکـرە و بڵاوکراوەکانی دیکەی خانەکانی بیرکردنەوەیە لە پەیمانگـای واشـنتۆن. لە زانکـۆی کـۆرکی ئیرلەندا، بڕوانامەی دکتۆرای لەسـەر حکومەت بەدەست هێناوە.



**بیلال وەهاب** ئەندامی خانەی نەیسن و ئیسـەر واگنەرە لە پەیمانگای واشنتۆن و لەوێ زیـاتر لە بـواری حکومڕانی لە هەرێمـی کوردسـتان و عێـراق دەکـۆڵێتەوە. ئەو پێشـتر لە زانکـۆی ئەمریکـی لە سـلێمانی وانەی گوتـووەتەوە و لەوێ سـەنتەری پەرەپێـدان و سـەرچاوە سروشـتییەکانی دامەزرانـدووە. نووسـەری لێکـۆڵینەوەیەکە لە (Transition 2021)ی پەیمانگـای واشـتن بەنـاوی: *پەرەپێـدانی سەروەری و بەرپرسیارێتی لە عێراق*.

## حوكمی بنەماڵە لە عێراق
## و ئەو ئاڵنگارییانەی لەبەردەم دەوڵەت و دیموکراسیدان

دوای ڕووخـــانی ڕژێمـــی دیکتـــاتۆری ســـەددام لە ســـاڵی ٢٠٠٣، کۆمەڵێـک حیزبـی سیاسـی لە عێـراق دروسـت بـوون کە ئەمەش ئامـــاژەیەکی دڵخۆشـــکەر بـــوو بـــۆ دەرکەوتنـــی سیســـتەمێکی دیموکراســـی، بەڵام لەم ســـاڵانەی دوایـــدا ئەم گەشـــبینییە لەلایەن کۆمەڵێـــک کەســـایەتی و بنەمـــاڵەی سیاســـییەوە قۆســـترایەوە کە حیزبەکانیـان بە ئامـانجی زیـادکردنی هێـز و بەرژەوەنـدی خۆیـان بەکار دەهێنا. بێگومـان لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، بنەمـاڵە و ڕابەرە سیاسییە کاریزمییەکـان شـتێکی بـاون و لە عێراقیشـدا ئەم دیـاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکـاری وەک: پێکهـاتەی کـۆمەڵایەتی کە تـــایەفەگرییە، ئـــابووریی پشتبەســـتوو بە نەوت، لاوازی دەوڵەت بەهـــۆی چەنـــد دەیەیەک ململانـــێ و ســـزای ئـــابووری، هەروەهـــا دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێ.

### پوختەیەکی گرنگ

لەدوای سەددام، نەریتـی سیاسـی لە عێـراق بەشـێوەیەک داڕێژرا کە سەرۆکوەزیران درا بە شیعە (وەک زۆرینە) و سەرۆککۆماریش درا بە کـورد و پەرلەمـانیش درا بە سـوننەکان. ئەم تـوێژینەوەیە هەوڵ دەدات پێگەی ئەو سێ لایەنە و کوتلەکانیان شی بکاتەوە.
چەقـی دیمەنـی سیاسـی حیـزبە شـیعییەکان حیزبـی دەعـوەیە، ئەو حیـزبە هێشـتا لەلایەن نـوری مـالیکییەوە سـەرۆکایەتی دەکرێت کە مـاوەدرێژترین سـەرۆکوەزیرانی عێـراق بـوو (٢٠٠٦-٢٠١٤). نـوری

مـالیکی ڕابەرایەتـی تـۆڕێکی بەرفراوانـی بیرۆکراسـیی[1] نـاو عێـراق دەکـــات و حیـــزبەکەی لە هەمـــوو ڕکابەرەکـــانی پێشـــووی پـــاک کـردووەتەوە. لە لایەکـی دیـکەوە بنەمـاڵەی سـەدر و حەکـیم پـێگەی خۆیـان لەنـاو جـوڵانەوە شـیعییەکاندا جێگیـر کـردووە. هەرچەنـدە موقتەدا سەدر تا ئێستا حیزبی دروست نەکردووە، بەڵام ڕابەرایەتـی تەواوی ڕەوتی سەدر دەکات کە لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە چەندین هێزی سیاسـی و میلیشـیایان دروسـت کـردووە، بـۆ نمـونە، هاوپەیمـانی ئەلسـائیرون وەک بـاڵی سیاسـیان و میلیشـیای مەهـدی و سـەرایا ئەلسـەلام وەک بـاڵی سـەربازی. دۆزی عێـراق بە جـۆرێکە نـاوی سیاسیەکان بەناوبانگترە لەو حیزبانەی کە سەرۆکایەتی دەکەن. لە ساڵی ١٩٨٢ ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی (المجلس الأعلی الإسلامي) لە ئێـران دامەزرا و نـاوی بنەمـاڵەی حەکیمیشـی تەواو پێـوە لکێنـرا. کۆتا سـەرکردەی ئەنجـومەنی بـاڵای ئیسـلامی عەمـار ئەلحەکیمە کە بەم دواییانە پاڵپشتی خۆی بۆ 'ڕەوتی حیکمەی نیشتیمانی' ڕاگەیاند (کە نـــاوی حـــیکمە و حەکـــیم یەک ڕیشـــەیان هەیە)، ئەمەش بـــۆ پشـــاندانی کەمێـک دوورەپەرێـزی بـوو لە ئێـران. لەهەمـان کاتـدا سیاسـییە شـیعییە بەرچاوەکـانی دیـکەی گۆڕاپـانەکە وەک ئەیـاد عەلاوی، شکســـتیان هێنـــاوە لەوەی دەســـەڵاتەکەیان بگـــۆڕن بـــۆ دەسەڵاتێکی بنەماڵەیی.

سـەرکردایەتی سـوننەکانی عێراق کـاری زۆریـان کـردووە بۆئەوەی لەکەی سەدام و بەعس لەسەر خۆیان لابەرن؛ سـوننەکان زۆربەیـان لە حیزبـی ئیسـلامی عێراقـدان و هەتـا ئێسـتا لە شـەش سـەرۆک

[1] ئەو سیستەمە سیاسییە کە دەزگا تایبەتمەندەکانی ناو دەوڵەت بڕیارە گرنگەکان دەدەن، نەک نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان.

پەرلەمــان، ســیانیان ســەر بەوان بــووە و یەک جێگــری ســەرۆک پەرلەمانیشیان هەبووە، لەم کۆتاییانەدا سوونەکان خۆریان ڕووەو ئاوابوونە و ئەمەش ڕێگەی خۆش کردووە بۆئەوەی کەسانی وەک خەمیس خەنجەری بزنسمان و محمەد حەلبووسی دەربکەون کە ئەمەی دواتـــر لە ســـاڵی ٢٠١٨ەوە بـــۆ کۆتاییەکـــانی ٢٠٢٣ سەرۆکپەرلەمانی عێراق بوو، هەتا ئەو کاتەی کە دادگای باڵای فیدراڵی متمانەی یاسایی لێسەندەوە[1].

حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتانیش کە بۆمـاوەیەکی زۆر بە چـرای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناو دەبرا و دیموکراسیەکەی چەندین ساڵ لەپێش بەغدادەوە بوو، لەم ساڵانەی دوایدا کەوتە ژێر فەرمانی دوو بنەماڵەوە کە بنەماڵەی بەرزانـی (پارتی دیمـوکراتی کوردسـتان) و تاڵەبانین (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان)؛ پاریکەرانی دیکەی ناو گۆڕەپانەکەش؛ جـوڵانەوەی نەوەی نـوێ (بە ڕابەرایەتـی شاسـوار عەبدولواحیـد کە بازرگـانێکی گەورەی خـانووبەرە و میـدیایە) و بــزوتنەوەی لاوازبــووی گــۆڕانن (کە پێشــتر لەلایەن کەســایەتی کاریزمی نەوشیروان مستەفاوە سەرۆکایەتی دەکرا).

ســاڵی ٢٠٢١ ململانێـی پۆسـتی ســەرۆککۆمار، ڕۆڵــی بەرچــاوی بنەماڵەکـانی لە سیاســەتی وڵاتەکەدا، تەواو تێـدا بەرجەسـتە بـوو. هەردوو کاندیدی سەرۆککۆمار، بەرهەم ساڵحی سەرۆکی پێشوو و عەبــدولەتیف ڕەشــید ســــەر بە ی.ن.ک بــوون، بەڵام ڕەشـــید تایبەتمەنـــدییەکی لەپێشـــتری هەبـــوو، ئەویـــش ئەوە بـــوو کە هاوســەریگیری لەگەڵ ژنخوشـکی ســەرۆک تاڵەبـانی کـۆچکردوو کردبــوو. لە ١٣ تشــرینی یەکەمــی ٢٠٢٢، ســەرەڕای ئەوەی کە

بەرهەم ساڵح لێوەشاوەتر و شایستەتر بوو، پەڕلەمانی عێراق ڕەشیدی وەک سەرۆکی عێراق دیاری کرد.

ئەم توێژینەوەیە بە ئامانجی لێکۆڵینەوە لە زاڵبوونی بنەماڵە سیاسییەکان و کەسایەتییە خاوەن پێگەکان لەسەر سیاسەتی عێراق نووسراوە، لەپاڵ ئەوەشدا لێکۆڵینەوە لە ڕەوشی مەزهەبی و تایەفەگەریی لە عێراقدا دەکات و بەدوای ئەوەشدا دەچێت کە چۆن کۆمەڵە و تۆڕە سیاسییەکان دەستیان لە گەندەڵی و کاری نایاساییدا هەیە، هەروەها بەڵگەش بۆ ئەوە دەهێنێتەوە کە چۆن کەسایەتییە خاوەن پێگەکان و بنەماڵە سیاسییەکان بوونەتە سەرەکیترین یەکەی سیاسی عێراق و چۆن ئەم ڕێڕەوە، هەڕەشەیە بۆ سەر داهاتووی دەوڵەتەکە و ڕوانگەی واشنتۆن. لە کۆتایشدا کاریگەری ئەم ئاڵنگارییە لەسەر مەبەست و ئامانجەکانی ئەمریکا ڕوون دەکاتەوە و کۆمەڵێک پێشنیازیش بۆ گێڕانەوەی هاوسەنگییەکی دیموکراسی دەخاتە بەردەست.

دوو دەیەی ڕابردوو، ئەمریکا دەیخواست کە عێراق بکاتە سیستەمێکی ئازاد و دیموکراسیخواز[2] بەڵام ئەمڕۆ ئامانجەکەی گۆڕیوە بە ئامانجێکی مامناوەندتر و هاندەری سەقامگیریی و سەروەریی عێراقە.[3] بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ عێراقێکی ناجێگیر و گۆڕاودا، پێویستە کاربەدەستانی ئەمریکا و جیهان لەو سیستەمە تێبگەن کە پارتیە سیاسییەکانی عێراق و کوردستان کاری پێ دەکەن و ئەو کەسایەتییە سەرەکیانە بناسن کە بەشدارن لەو سیستەمە، هەروەها پێویستە باشترینی ئەو کەسایەتیانە بۆ گفتوگۆ دیاری بکەن کە لە بەرژەوەندی عێراق و ئەمریکادان. ئەمەش کەسانی وەک، ئەندامانی ناو کابینەی حکومەت، وەک وەزیری

پەروەردە و تەندروستی، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، کەسانی بێلایەنی ناو سوپا و بازرگانان دەگریتەوە.

هەڵتۆقینی کۆمەڵک حیزبی سیاسی، وەک ئەوەی لە عێراقی دوای ڕووخانی سەدامدا ڕوویدا، دۆخێکی سروشتی دوای ڕووخانی دەسەڵاتە ستەمکارەکانە. بۆ نمونە، دوای کەوتنی ژەنەراڵ فرانکۆ لە ئیسپانیا، پێنج هەزار پارتی سیاسی دروست بوون، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات و دوای چەند هەڵبژاردنێک، ئەو ژمارەیە زۆر کەم بووەوە و هەندێک پارت نەمان و هەنێکی دیکەشیان تێکەڵی پارتەکانی دیکە بوون.[4]

دوای تێپەڕبوونی دوو دەیە بەسەر هێرشەکانی ئەمریکا، سیستەمی سیاسی عێراق زۆر لاوازە، بەڵام هێشتا پارتە سیاسییەکان دەسەڵاتدارن، ئەمەش بەجۆرێک دروست بوو کە لە سیستەمی دوای سەددام، دەسەڵات کەوتە دەست شیعە و سوننە و کورد و کەمێکیشی درا بە کەمایەتییەکان، بەڵام ئەم پارتانە لەبری ئەوەی هەوڵ بدەن بەهێز و یەکگرتووبن، خۆیان خستە ژێر ڕکێفی سیاسەتی تایەفە و کەسایەتە خاوەنپێگەکانەوە، ئیدی ئەوانیش وەک ئامرازێک بۆ بەرژەوەندەیەکانی خۆیان بەکاریان دەهێنان.[5] لەکاتێکدا لە سیستەمێکی دیموکراسی کارادا، پارتەکان لەڕێگەی کۆمەڵێک دەزگاوە، بەشێوەیەکی گونجاو هەوڵ بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەدەن،[6] ئەمڕۆ پارتەکانی عێراق لەبەر بەرژەوەندی تەسکی کۆمەڵێک بنەماڵە، خۆیان لە ئاواز و بونیادی یەکگرتوویی بەدوور دەگرن. هەرچەندە تائێستا مەزهەب و تیرە و نەژادەکان ڕۆڵیان هەیە، بەڵام لەم دۆخە ڕاستەقینەیەی ئێستادا سەنگیان کەم بووەتەوە. بەشێوەیەکی گشتی ئەم ئاڵنگارییە هەنوکەییە بونیادی

دیموکراســی لە پــارتە سیاســییەکانی عێراقــدا لاواز کــردووە و مەترسییەکانی سەر وڵاتەکەی زۆرتر کردووە، هەروەها کاریگەری پێچەوانەی بۆ سزادانی ئەخلاقی ئەو سیاسیانە هەبووە کە ناجێگیر و ناکارا بوون. ئەو پارتە نادیموکراسییانەی کە حوکم دەکەن، وڵات بــنکەن دەکەن و دەبــنە بەربەســت بــۆ دیموکراســی و ئــابووری دەڕوخێنن و میلیشیاکان بەهێز دەکەن. دەتوانین هەمان حاڵەت لە لوبنــانیش ببینــین کە چــۆن کــۆکردنەوەی سیاســەت لە کەســەکاندا بۆمــاوەی چەنــد دەیەیەک، دەزگاکــانی دەوڵەتــی لەنــاو بــردووە و ئەخلاقیشــی لەنــاو هاوڵاتیانــدا نەهێشــتووە. هەر لەم نــاوچەیەدا و بەشێوەیەکی بەرفراوانتر، کەوتنی سەرکردە بەهێزەکان لە بەهاری عەرەبیــدا، زیــاتر ســەرنجی خســتە ســەر ئەوەی کە ملکەچکردنــی دامەزراوەکان بۆ ئارەزووی سەرکردەکان چەندە مەترسیدارە.[7]

لە عێراق، کەسایەتی و بنەماڵە سیاسییەکان دەیانەوێت بەرژەوەندی خۆیــان لەڕێــگەی کــۆنترۆڵکردنی ســێکتەرەکانی ئــابووری و هێشتنەوەی میلیشیا کەسییەکان و دروستکردنی تۆڕی کۆمەڵایەتی و سیاســی و دەستبەســەرداگرتنی پــێگە و پــلە و پۆســتە حکومییەکــانەوە بپــارێزن. ئەوان بە پــێچەوانەی پــارەتە ڕۆژئاواییەکانەوە، دەیانەوێت بە شێوازی کۆنی وەک میرنشینەکانی سەردەمی عوسمانی و سەفەوی کار بکەن.[8] لە هەرێمی کوردستان و عێــراقیش، گەڕانــدنەوەی ئەم شــێوازە حکــوڕانییە کــاریگەری گەورەی لەســەر سیاســەت و ئــابووری و حکــومەت هەبــووە. بەم شێوەیە لە عێراق و هەرێمدا ئاسەواری حکومڕانی کۆن برەوی پێ دەدرێــت، لە کاتێکــدا ئــێمە چەمکــی مــۆدێرنەی وەک دەســتوور و بیرۆکراسی و سەروەری یاسامان هەیە.

**"ئەم ئاڵنگارییەی ئێستا، کاریگەری پێچەوانەی بۆ سزادانی ئەخلاقیی سیاسییە عێراقییەکان هەبووە."**

ئەم تـــوێژینەوەیە بە ئەمـــانجی لێکـــۆڵینەوە لە زاڵبـــوونی بنەمـــاڵە سیاسییەکان و کەسایەتییە خاوەن پێگەکان لەسەر سیاسەتی عێراق نووسراوە و لەپاڵ لێکۆڵینەوە لە ڕەوشی مەزهەبی و تایەفەگەریی عێراقـــدا، بەدوای ئەوەشـــدا دەچێـــت کە چـــۆن کـــۆمەڵە و تـــۆڕە سیاسییەکان دەستیان لە گەندەڵی و کاری نایاساییدا هەیە، هەروەها بەڵگەش بۆ ئەوە دەهێنێتەوە کە چۆن کەسایەتییە خاوەن پێگەکان و بنەماڵە سیاسییەکان بوونەتە سەرەکیترین یەکەی سیاسی عێراق و چـۆن ئەم ڕێـڕەوە هەڕەشـەیە بـۆ سـەر داهـاتووی دەوڵەتەکە و ڕوانگەی واشنتۆن. لە کۆتایشدا کاریگەری ئەم ئاڵنگارییە لەسەر مەبەســت و ئامانجەکــانی ئەمریکــا ڕوون دەکــاتەوە و کۆمەڵێــک پێشــنیازیش بـۆ گێـڕانەوەی هاوســەنگییەکی دیموکراســی دەخــاتە بەردەست.

### پێشینەیەک دەربارەی سیاسەت لە عێراق

ئەو ئاڕاســـتەیەی کە پارتەکـــانی عێـــراق بەرەو دروســـتکردنی پەیکەرێکـی سیاسـی بەدەوری کەس و بنەماڵەکـان نایـان، ئێسـتا لە کوردستاندا زۆر بەرچاوە، بەجۆرێکە کە ئیستا حکومڕانی نەوەکان دەبینرێـت و دەسـەڵاتی بنەمـاڵە گەورەکـان لە بـاوکەوە بـۆ کـوڕ و نەوەکـان دەگوازرێتەوە. لە عێراقیش دوای هێرشـەکانی ئەمریکـا لە ساڵی ٢٠٠٣، سەرەتا ململانێی توندی پارتە جیاوازەکان دەستی پێ کـرد، بەڵام دوای دە ســاڵ لەو ئەزمـــوونەی کە کوردســـتان بـــۆ بەبنەماڵەبوون دەستی پێ کرد، لە عێراقیش بەهەمـان شێوە بنەماڵە

سیاسییە دیارەکان و کەسایەتییە بەهێزەکان کۆتاییان بە بەهاری کێڵگەیەکی سیاسی پڕ لە جیاوازی هێنا.

لەناو زۆربەی ئەو پارتە سیاسیانەی کە دوای هێرشەکانی ئەمریکا دروست بوون، خواستی بەردەوامیی سەرکەوتن ئەوەی کرد بە پێویستی کە لەپێناوی بەرژەوەندی کەسایەتی و بنەماڵەکان، واز لە بنەمای ئایدۆلۆژی و ڕێکخراوەیی بهێنن. بۆ نموونە نوری مالیکی سەرۆکوەزیرانی پێشوو دەستی بەسەر "حیزبی دەعوە"دا گرت[9]، هەروەها بنەماڵەی سەدر و حەکیم بونەتە بەردی بناغە بۆ ئاراستە سیاسییەکەیان؛ ڕەوتی سەدر و ڕەوتی حیکمەی نیشتیمانی (بزاوتی حیکمەی نیشتیمانی؛ کە ناوی حیکمە و حەکیم یەک ڕیشەیان هەیە) و پێشتریش بنەماڵەی حەکیم، پەیوەندیان بە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامییەوە هەبووە. لە عێراقدا ناوی ئەم کەسایەتیانە، زۆر لەو پارتانە بەناوبانگترە کە سەرکردایەتی دەکەن. لەهەمان کاتدا سیاسییە شیعییە بەرچاوەکانی دیکەی گۆڕاپانەکە، وەک ئەیاد عەلاوی، شکستیان هێناوە لەوەی دەسەڵاتەکەیان بگۆڕن بۆ دەسەڵاتێکی بنەماڵەیی.

لە عێراق کاتێک پارتێک دەبێت بە هی کەسێک، دەکرێت ناو یان بەرنامەی پارتەکە بگۆڕێت، بەڵام بنەما سەرەکیەکەی دەمێنێتەوە کە بریتییە لە: ملکەچبوون بۆ سەرۆکی پێشڕەو.[10] بۆ نموونە دوای دەرکەوتنی بە چەندین ڕووی جیاوازی سەربازی و سیاسی، هێشتا موقتەدا سەدر ڕابەری ڕەوتی سەدرە. هەر بە هەمان شێوەش شاسوار عەبدولواحیدی بازرگانی بواری میدیا و خانووبەرە، ناوی خۆی زۆر لە ناوی جوڵانەوەی نەوەی نوێ و بەرنامە و ئەندامەکانی بەناوبانگترە.

له هەرێمی کوردستانی عێراق، (ی.ن.ک)ی بنەماڵەی تاڵەبانی، ئێستا هاوشێوەی ڕکابەرەکەی کە بنەماڵەی بەرزانییە (ڕابەری پارتی دیموکراتی کوردستانن) دەجوڵێتەوە و مەشخەڵی سەرۆکایەتی لە ئەندامێکی بنەماڵەکەوە دەداتە دەست ئەندامێکی دیکەی بنەماڵە.[11] پێشینەی مێژوویی و پێگەی کۆمەڵایەتی ئەم تایبەتمەندییە بە هەموو پارتەکانی دیکەی عێراق دەبەخشێت. لە شانۆی دواهەمین هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار لە عێراق، تەواو ڕۆڵی بنەماڵە بەرجەستە بووبوو. هەردوو کاندید، بەرهەم ساڵحی سەرۆکی پێشوو و عەبدولەتیف ڕەشیدی ڕکابەری، سەر بە ی.ن.ک بوون، هەرچەندە بەرهەم ساڵح کاندیدی فەرمی ی.ن.ک بوو، بەڵام لە دوا کاتژمێرەکانی پێش دەنگداندا، بڕیارێک بووە بەربەست لەبەردەمیدا، چونکە ڕکابەرەکەی لە شتێکدا لەو لەپێشتر بوو؛ ئەو هاوسەری شاناز ئیبراهیم ئەحمەدی خوشکی هێرۆ ئیبراهیمی خێزانی جەلال تاڵەبانی سەرۆکی پێشوو بوو. لە ١٣ ی تشرینی یەکەم ٢٠٢٢ دا، سەرەڕای ئەوەی بەرهەم ساڵح لێوەشاوەتر و شایستەتر بوو، پەرلەمانی عێراق لەتیف ڕەشیدی بۆ پۆستی سەرۆککۆمار هەڵبژارد. کاندیدەکەی بنەماڵەی تاڵەبانی بە یارمەتی هێزی لۆبی پشت پەردەکان و پاڵپشتی نائاشکرای هێزەکانی دیکەی عێراق و ئەگەری ڕێکەوتنی بنەماڵەی تاڵەبانی لەگەڵ خاوەن بڕیارە سیاسییەکانی دیکەی کوردستاندا، هەڵبژاردنەکەی بردەوە. نمونەیەکی دیکەی زۆر ئاشکرا بۆ هەڵاوێردنی بنەماڵەکان، نمونەی وەزیری دارایی پێشووی عێراق عەلی عەلاوییە. مانگی نیسانی ٢٠٢١، عەلاوی لەکاتی بانگهێشتکردنیدا بۆ پەرلەمان بەمەبەستی لێپرسینەوە، ئەوەی وەک ناوزڕاندنێکی شەخسی تەماشا کرد[12] و پێی وابوو ئەم کارە تەنها شکۆی حکومەتی نەشکاندووە، بەڵکو

شکۆی کاری وزاری و بنەماڵەکەشی شکاندووە. ئەم تێڕوانینەی عەلاوی جێگەی سەرسوڕمان بوو، چونکە عەلاوی هەم دەرچووی هارڤارد و پەیمانگای تەکنەلۆژی ماساچوتسە و هەم چەندین ساڵ وەزیر بووە، بەڵام ئەم تێڕوانینەی تەواو ڕەنگدانەوەی دۆخی ئەمڕۆی عێراقە. ڕەنگە کەسێک بڵێت نەوەکانی خێزانی بۆش و کەنەدی لە ئەمریکا شتێکی نزیکی لەم شێوەیەن، بەڵام خێزانە سیاسییەکانی ئەمریکا پێگەی خۆیان لە حکومەتێکی دیموکراسیدا پاراستووە و لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن.

## "تۆخبوونەوەی سیاسەتی-شەخسی لەعێراق، پێچەوانەی دیدی واشنتۆنە."

دەرکەوتنی سیاسەتی شەخسی لە عێراق، پێچەوانەی دیدی واشنتۆنە. لەکاتێکدا سیاسیەتی ئەمریکا لە دوو دەیەی ڕابردوودا سەرنجی لەسەر گۆڕینی عێراق بۆ سیستەمێکی "ئازاد و دیموکراتخواز"[13] بوو، ئەمڕۆ سەقفی ئامانجەکانی نزم کردووەتەوە و ئامانجی تەنها جێگیری عێراق و سەروەریەتی،[14] بەڵام وا دەردەکەوێت کە بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانەش لەناو ئەم هەموو ناکۆکیی و ڕێکنەکەوتنەدا کاتێکی زۆریان دەوێت و دوورمەودان، بۆ نمونە ساڵی (٢٠٢١-٢٠٢٢) بینیمان کە پێکهێنانی حکومەت یەک ساڵ دواکەوت. سەبارەت بە سەروەریش، ئەو پەیوەندییانەی کە جۆرێکن لە ژێردەستەیی بۆ وڵاتە هەرێمییەکان، ڕۆڵیان هەیە لەوەی کە عێراق بەرامبەر دەستێوەردانی وڵاتانی دەرەوە بێدەسەڵات بێت. هێرشی درۆنی تورکیا و ئێرانیش بۆ سەر کوردستان باشترین نمونەی ئەمەیە.[15]

لەم دۆخەی ئێستەدا، بنەماڵە سیاسییەکان، چیرۆکەکانیان لەڕێگەی کۆمەڵێک میدیای زەبەلاحەوە دەدەن بەگوێی خەڵکدا و لەڕێگەی حکومەتیشەوە خۆیان دەوڵەمەند دەکەن. لەئەنجامیشدا مانەوەی خۆیان و دەستکەوتی کورتمەودا، لەبری خزمەتگوزاری گشتی و بەرژەوەندی نیشتیمانیی، تایبەتمەندی زۆر دیاری سیاسەتە لە ئێستای عێراق.

## لە پارتەوە بۆ بنەماڵە و کەسایەتی خاوەنپێگە

زاڵبوونی کەسایەتیی و بنەماڵەکان لە بەغداد و کوردستان لە چەندین ئاستی جیاواز لە سەرتاسەری وڵاتدا دەبینرێت. زۆرجاریش لە ململانێکاندا ئەو کەسایەتییانە سەرکەوتوو دەبن کە توندوتیژن، چونکە هێزی ئەوەیان نییە بە ڕێگەی دیکە ڕووبەڕرووی ڕکابەرەکانیان بووەستنەوە، هەروەها سەرباری ئەوە ئەمڕۆ ڕکابەرایەتییە سیاسییەکان زیاتر لەناو هێڵە تایەفی و مەزهەبییەکاندان وەک لە دەرەوەی بن، دەبێت ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە ئێستا ئەو جۆرە لە دابەشبوونی هێز بەرکارە. بۆ نمونە دوو بنەماڵە فەرمانڕەواکەی هەرێم سەرمایەگوزارییە سیاسییەکەی خۆیان زیاتر بۆ فراوانترکردنی دەسەڵاتی خۆیان لە هەرێم بەکار دەهێنن وەک لەوەی ململانێی پارتە عەرەبیەکانی بەغداد بکەن. نمونەیەکی دیار لەسەر ئەو خۆلەناوبردنە سیاسییە، ڕیفراندۆم بوو. پێش ساڵی ٢٠١٧ ی.ن.ک لە ڕووی سیاسییەوە کۆنترۆڵی شاری کەرکوکی بەدەستەوە بوو، پارتیش کۆنترۆڵی نەوتەکەی کردبوو، بەڵام بەهۆی کردنی ڕیفراندۆم و بەکارهێنانی کارتێکی سووتاو، هەم شارەکەیان لەدەست دا و هەم نەوتەکەش کەوتەوە ژێر دەستی حکومەتی عێراق.[16] هەروەها دوای هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٢١ و لە

کاتی دروستکردنی حکومەتدا، کاتێک ناومالّی شیعە بەهۆی سەدر و ڕکابەرەکانییەوە دابەش بووبوو، مەسعود بەرزانی پشتیوانی لە سەدر کرد و مالّی تالّەبانیش پشتیوانیان لە "چواچێوەی هەماهەنگی – الاطار التنسیقی" کرد کە سەر بە میلیشیا ئێرانییەکان و ڕکابەرانی سەدر بوو.

ئەمڕۆ بارودۆخەکە زۆر لە یەکەم هەلّبژاردنی دوای سەددام جیاوازە، چونکە کۆمەلّێک هاوپەیمانی تائیفی زۆر گەورە لەپێناوی بەهێزکردن و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی کۆمەلّێک گروپ دروست بوون، لەکاتێکدا لە هەلّبژاردنەکانی کانونی دووەمی ٢٠٠٥ دا، هەموو پارتە شیعییەکان کاندیدەکانیان لەژێر چەتری "هاوپەیمانی یەکگرتووی عێراقی- الائتلاف العراقي الموحد"دا کۆ کردبووەوە، پارتە کوردییەکانیش لەژێر ناوی "هاوپەیمانی دیموکراسی نیشتیمانی کوردستان- التحالف الوطني الديمقراطي الكردستاني"دا کۆ بووبوونەوە و سونییەکانیش هەمان کاریان لەژێر ناوی "بەرەی عێراقی یەکگرتوو- جبهة التوافق العراقية"دا کردبوو.

## سیاسەتی بنەماڵەکان و دەوڵەت

بنەمالّە حکومڕانەکانی عێراق، هەروەک دەولّەتەکە خۆی، چەندین ئامرازی وەک ناو و ڕەمزە نەتەوەیی و ئاینییەکان و پارە و سوپا، بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان بەکار دەهێنن. ئەمەش کاری هەموو هێزە سەرەکیەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانە. هەروەک چۆن ی.ن.ک و پ.د.ک کۆمەلّێک سیموبولّ و حیکایەت و مێژوویان پیرۆز کردووە و بەکاری دەهێنن، سەدر و ڕکابەرەکانی هەولّ

دەدەن چەوساندنەوەی شیعە لە سەردەمی سەددام و سەرکەوتن بەسەر داعشدا بەکار بهێنن.

پەیوەندی نێوان دەوڵەت و بنەماڵە سیاسییەکانی عێراق دژیەکی تێدایە.[17] لەلایەک ئەو بنەمالانەی کە بۆ ژیانیان پشتیان بەستووە بە دەوڵەت، بەرگری لە دەوڵەت دەکەن و لە مەترسییە دەرەکییەکان دەیپارێزن، وەک ئەو یەکگرتووییەی لەنێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق و میلیشیا سەربازییەکان هەبوو لە دژی داعش[18]، لەلایەکی دیکەشەوە وڵاتێکی بەهێز و یاسا سەروەر دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ئەو هەموو بەرژەوەندییە کەسییەیان کە سەری کێشاوە بۆ تالانکاری و بەکارهێنانی سامانی دەوڵەت و کۆنترۆڵکردنی پۆلیس و سوپا و هێزەکانی پاراستنی سنوور. بنەماڵە سیاسییەکان و کەسایەتییە خاوەنپێگەکان، بۆ مانەوەیان پێویستیان بە مانەوەی دەوڵەتە، بەڵام دەوڵەتێکی بێهێز. ئەم بەردەوامییەی هاوکاری و ململانێ، بنەماڵە سیاسییەکان دەپارێزێت، بەڵام دەسەڵات و پێگەی دەوڵەت زۆر لاواز دەکات، وەک ئەوەی لە بنەمای لادەولەدا (لادولة-دژەدەوڵەت یان بێدەوڵەت) خۆی دەبینێتەوە کە ئامانجی سەرەکی کەسایەتییە سیاسییەکان دەبێتە لاوازکردنی دەوڵەت، ئەمەش بەڕادەیەک کە نەتوانرێت لەلایەن دەوڵەتەوە لێیان بپرسرێتەوە. هەروەها ئەم چەمکە خواستی میلیشیاکانیش بۆ دەوڵەتێکی لاواز دەگرێتەوە کە نەتوانێت هەموو هێزەکان کۆنترۆڵ بکات، بەڵام ئەم چەمکە هاوپەیمانێتی نێوان بنەماڵە و کەسایەتییەکانی دیکەی دەوڵەت بەئامانجی پاڵپشتی ئابووری و خۆڕێکخستن ناگرێتە خۆی.

**"بنەماڵە سیاسییەکان و کەسایەتییە خاوەنپێگەکان، بۆ مانەوەیان پێویستیان بە مانەوەی دەوڵەتە، بەڵام دەوڵەتێکی بێهێز."**

نزیکەی سەدەیەکە و لەو کاتەوەی عێراق بووە بە دەوڵەت، جێگیری بەخۆیەوە نەبینیوە. سەردەمی پاشایەتی بووبێت یان کۆماری، ئەم دەوڵەتە ناوی لەگەڵ هێز و دەسەڵاتدا هاتووە، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە ڕووخانی شێوازێکی فەرمانڕەوایی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر دووبارە بونیادنانەوەی سیستەمێکی دیکە هەبووە، بۆیە ئەو کەسانەی کە لە دەسەڵاتدا بوون سەرنجیان لەسەر کۆنترۆڵکردنی دەوڵەتەکە بووە نەک ئەوەی بە شێوەیەکی کاتی بەڕێوەی ببەن. ئێستاش دەوڵەتێکی بەردەوامی لاواز، هەلی بۆ بنەماڵە و پارتەکان ڕەخساندووە کە بەم چەشنە دەسەڵات بگرنە دەست، جا پارت و بنەماڵەکان مەزهەبی بن یان ئایینی و میلیشیایی.

تەنانەت لە حیزبی بەعسیشدا کە ئایدۆلۆجیایەکی سۆشیالیسانەی هەبوو، برەو بە دەسەڵاتێکی بنەماڵەیی دەدرا. هەرچەندە سیستەمی بەعس، سیستەمێکی تەواو هەرەمی بوو، بەڵام لە عێراق بووبووە ئامرازێک بەدەست بنەماڵەی سەددام حسێنەوە و لە سووریاش بەدەست بنەماڵەی ئەسەدەوە بوو. لە لێکۆڵینەوەیەکی هەردوو توێژەری عێراقی، فالح عەبدولجەبار و هیشام داودا، ئاماژە بەوە دەکەن کە لەو پارتەشدا چەقی دەسەڵات لە دەستی سەدامدا بووە و بەپێی پێویستی و گرنگی ئەرکەکانیش، ئەندامانی بنەماڵەکەی هێناوەتە پێشەوە.[20] بۆ نمونە سەددام شەڕی ئێرانی دایە دەست عەدنان خەیروڵای خاڵۆزا و ژنبرای کە وەزیری بەرگری بوو، هەروەها کوڕەکەی کردە فەرمانددەی هێزە تایبەتییەکانی عێراق.[21] کۆمەڵێک توێژەری دیکە حیزبی بەعسیان وەک حیزبێکی

عەشیرەتگەرایی-نوێ پێناسە کردووە، ئەمەش بەو مانایایەی کە هاوسۆزی و ئەزموونی هاوبەش ئەندامەکانی پێکەوە بەستبووەوە، نەک ئایدۆلۆژیا.[22] بەدڵنیاییەوە دوای ڕووخانسی سەددام لە ساڵی ٢٠٠٣ دەسەڵاتی خێڵ دووبارە دەرکەوتەوە.

لەژێر فەرمانڕەوایەتی ستەمکارانەی بەعسدا، گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکان ناچار بوون بەنهێنیی و لەژێر ناوی خوازراودا کار بکەن، بەڵام گۆڕانی بارودۆخی سیاسی عێراق بۆ کەشێکی پڕ ململانێ، دۆخەکەی گۆڕی و وای کرد کەسایەتیە بەهێزەکان و بنەماڵە سیاسییەکان دەربکەون. لە یەکەم هەڵبژاردنی دوای ڕووخانی بەعس، کاندیدەکان بەهۆی ئەو حیزبانەوە خۆیان دەردەخست کە ئۆپۆسیسیۆنی سەددام بوون و لە دەرەوەی عێراق تاراوگەنشین بوون، بەڵام لەم هەڵبژاردنانەی ئەم دواییەدا، دەرکەوتن و بەئەستێرەبوون لەناو گۆڕەپانی سیاسیدا، جگە لە لایەنداری حیزبی و بوونی مێژوو دژی بەعس، پێویستی بە شتی دیکە هەبوو. هەروەها لەگەڵ قوڵبوونەوەی دەسەڵاتی تایەفی و ململانێی ناو هەموو کۆمەڵەکاندا، بنەماڵە سیاسییەکان و کەسایەتییە خاوەنپێگەکان، یان دەستیان دەگرت بەسەر حیزبەکانیاندا، یان حیزبی تازەیان دروست دەکرد.

جگە لە موقتەدا سەدر، هەموو ئەو سەرۆک حیزبە سیاسیانەی کە لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ بوون بە فەرمانڕەوا، لە سەردەمی سەددامدا لە مەنفا ژیاون و زۆربەشیان ناوی خوازراویان هەبووە. کاتێک ئەمانە گەڕانەوە بۆ ناو عێراق و خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکان پاڵاوت، زۆر بە ئاشکرا جەختیان لە ناوی بنەماڵەکانیان دەکردەوە، تاوەکو دڵنیایی بدەن لەوەی کە سەر بەو هۆز و مەزهەبانەن، هەروەها بۆئەوەی

کێشەی نەبوونی ناوبانگیشی پێ چارەسەر بکەن. بۆ نمونە نوری مالیکی سەرۆکوەزیرانی پێشوو کە پێشتر ناوە خوازراوەکەی (جەواد) بووە، بەو ناوەی پێشووی بانگەشەی بۆ خۆی دەکرد و زۆرجار ئەوەی بە هەوادارانی دەگوت کە باپیری شاعیر بووە و لە سەردەمی پاشایەتیشدا وەزیر بووە. پێشتر مالیکی سەرۆکی حیزبی دەعوە، جەنگ و ململانێیەکی توندی لەگەڵ موقتەدا سەدردا هەبوو کە زاوای دامەزرێنەری پارتەکەیە؛ ئەمەش بەڕادەیەک بوو کە لەدوای هێرشەکانی ئەمریکا، مالیکی هەوڵی تیرۆرکردنی سەدری دا، بەڵام دوای ئەوەی کە هێزەکانی چواردەوری سەرۆکوەزیرانیان گرت و داوایان لە ئەمریکا کرد بۆ هەڵاتنی. محمد شیاع سودانی کە بەم دواییانە بووە سەرۆکوەزیرانی عێراق، تاکە سەرۆکوەزیرانە کە لە کاتی فەرمانڕەوای سەددامدا لە مەنفا نەژیاوە.

پێشینەی ئەو ململانێ سیاسییەی لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ دا هەبوو، ڕێگەی خۆش کرد بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگەکە جێگیری زیاتر بە خۆیەوە ببینێت و لە ڕووی ڕۆشنبیری و شارسازی زیاتر پێش بکەوێت. ئەمڕۆ دانیشتوانی هەرێمی کوردستان زیاتر لە بابەتی پرسە نەتەوایەتیەکان، گرنگی بە خزمەتگوزاری و بەکاربردنی کاڵا دەدەن.[23] لە کوردستانیش کە لەدوای سەددامەوە شێوازی حکومڕانی گۆڕانکاری بەرچاوی بەخۆیەوە بینەوە، بنەماڵە سیاسییەکان و کەسایەتییە خاوەنپێگەکان دەستیان بەو بەسەر حیزبەکاندا گرتووە و ڕێگرن لە دروستبوونی سیستەمێکی دیموکراسی. لەوێ ئەو دژیەکییەی کە لەنێوان سیستەمێکی فەرمانڕەوایەتی نانەتەوەی و کۆمەڵێک سیاسی دواکەوتوودا هەیە، ئەو بۆشاییە گەورەیە بەتەواوەتی دەردەخات کە نێوان خەڵک و حکومەتدا هەیە، هەروەها گواستنەوەی هێزیش لە

حیزبەوە بۆ بنەماڵەکان، وای کردووە حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG) تەواو لە خواســـتی بـــوون بە دەوڵەت و قەوارەیەکـــی خۆبەڕێوبەر دوور بکەوێتەوە.



**هۆکارەکانی ئەم دۆخە**

ئەو هۆکارانەی کە پەیوەندییان بە سەرهەڵدانی حوکمی کەسایەتی و بنەماڵەکانەوە هەیە بریتین لە: خێڵەکیبوونی کۆمەڵگە، ئابووری پشتبەستوو بە نەوت، لاوازبوونی حکومەت بەهۆی چەند دەیەیەک لە پێکدادانی بەردەوام و سزا ئابوورییەکان، لەگەڵ دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێ.

**خێڵەکیبوونی کۆمەڵگە**: زۆرینەی بنەماڵە سیاسییەکانی عێراق پاشخانێکی خێڵەکییان هەیە و نەریت و کەرەستە خێڵەکییەکان بۆ پاڵپشتی کارەکانیان و ڕەوایەتیدان بە خۆیان بەکار دەهێنن، هەروەها دەیانەوێت شێوازی حکومڕانی خێڵیش پەیڕەو بکەن، ئەوان پەیڕەوی شێوازێک دەکەن کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عوسمانی و بەریتانییەکان. بۆ نموونە زۆرجار لە سەردەمی عوسمانییەکاندا، کۆمەڵێک کەسایەتی ناو خێڵەکان دەستنیشان دەکران و دەکران بە فەرمانڕەوای میرنشینەکان، لەبەرامبەریشدا ئەم خێڵانە پەیوەندی خۆیان لەگەڵ ئەستەمبوڵدا بەکاردەهێنا بۆ زیادکردنی سامان و بەهێزکردنی دەسەڵاتەکەیان.[24] بەدرێژایی مێژووی عێراق، بنەماڵە سیاسییەکان لە هەڵبەزودابەزە سیاسییەکان ڕزگاریان بووە و دەسەڵاتە سەرکەوتووەکان ئەوانە بوون کە هاوسەنگییەکیان لەنێوان هەماهەنگی و ڕازیکردنیان و سنووردانان بۆ کاریگەرییان ڕاگرتووە.

**پارچەپارچەبوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی**: جەنگی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان (١٩٩٤–١٩٩٧)، کوردستانی کرد بە دوو بەشەوە و هەر لایەکیان حیزب و هێزی ئاسایش و دەڤەری خۆیان هەبوو. لە عێراقی فیدراڵ، توندوتیژییە مەزهەبیەکانی نێوان شیعە و

سووننه حیزبەکانی چەکردار کرد و چەکدارەکانیان بوون بە گرپی میلیشیایی گەورە، دواتریش زۆربەی میلیشیاکان بوون بە هێزێکی پشـــتیوانیکراو لەلایەن دەوڵەت و نـــاونران "هێزەکـــانی حەشـــدی شــەعبی" و وەک بەشـێک لە دەزگـای ئاسایشـی دەوڵەت متمـانەی ئاینی و یاساییان پێ درا.

**ئابووری پشتبەستوو بە نەوت**: داهاتی نەوتیی عێراق، نزیکەی سەدا نەوەدی بـودجەی حکـومەت پێـک دەهێنێـت، ئەمەش "دەوڵەتێکـی کرێچی"ی دروست کردووە و کە تێیدا حکومەت بووە بە داینەمۆی سەرەکیی ئـابووری و هەلـی کار. لەکاتێکدا لەدوای سـاڵی ٢٠٠٣ەوە هـیچ بنەمـاڵەیەک جـێگەی بنەمـاڵەی سـەددامی نەگرتـووەتەوە، بەڵام ئەو حیزبانەی لە ململانێدان سـەرچاوەکانی دەوڵەت قۆرخ دەکەن و تۆڕی گەورەی بـۆ بەرژەوەنـدیەکانیان پێ دروسـت دەکەن، پاشـان پاڵپشـتی کەسـانی خۆیـان دەکەن لە چـوونە نـاو حکومەت و پلەیـان بەرز دەکەنەوە و بەرەو بەرژەوەنـدیەکانیان ئاڕاسـتەیان دەکەن. بـۆ نمـونە کاتێـک مـوقتەدا سـەدر دەزانێـت کە کـۆنترۆڵکردنی تەواوی وڵاتەکە لەسـەروو تواناکـانی ئەوەوەیە، بەردەوام چـاوی لە هەردوو وەزارەتـی نەوت و کارەبـایە و کەسـانی نزیـک لێـی، ئەو وەزارەتـانە بەڕێـوە دەبەن و گرێبەسـتەکان بە قـازانجی بزنسـەکانی سـەدر یەکلایـی دەکەنەوە، هەرکـاتێکیش یەکێـک لە بەرژەوەنـدییەکانی مەترسی بکەوێتە سەر، میدیا و میلیشیاکانی فریای دەکەون.[25]

**لاوازیی دەوڵەت**: لەدوای ڕووخـانی مەرکەزیەتـی بەعسـی دیکتـاتۆر، حکومڕانە نوێیەکانی عیراق، دەنگیـان بـۆ دەسـەڵاتێکی پەڕلەمـانی و فیـدراڵی دا. ئەو حکـومەتە هاوپەیمـانییەی کە لە کێبڕکێـی کۆمەڵێـک هێزی خاوەن-شوناس دروست بوو، هەرزوو کەوتە ناو گەندەڵی و

ژێردەستەیی بۆ کۆمەڵێک سیاسەت لەسەر حسابی بەرژەوەندیی دەوڵەت، بەمەش زەحمەت بوو سەرۆکە هەڵبژێردراوەکان مل بۆ لێپرسینەوە بدەن.

**دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێ:** دراوسێکانی عێراق بەرژەوەندیان لەو پارچەپارچەییەی عێراقدا هەیە. هەردوو دراوسێکەی عێراق (ئێران و تورکیا) بەردەوام مامەڵە لەگەڵ بەرپرسانی عێراق دەکەن و دەست وەردەدەنە کاروبارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی عێراق. بۆ نمونە ئێران پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵێک حیزب و کۆمەڵە و کەسایەتی جیاوازەدا هەیە؛ هەر لە هادی عامری فەرماندەی سوپای بەدرەوە کە لە ساڵانی ١٩٨٠دا لەگەڵ ئێران لە دژی سەددام جەنگاوە، هەتاوەکو ڕایان ئەلکلدانی فەرماندەی میلیشیای مەسیحییەکان و چەندین کەسایەتی دیکە. تەنانەت ساڵی ٢٠١٩ کاتێک محمد جەواد زەریف سەردانی عێراقی کرد، تەنها لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتدا کۆ نەبووەوە، بەڵکو لەگەڵ سەرۆکهۆزەکانیشدا کۆبووەوە کە ئەمە کارێکە دژە بە بنەما سەرەکییەکانی ئیتیکی دیبلۆماسی. بابەتێکی دیکە پەیوەندی وزەیە لەنێوان تورکیا و حکومەتی هەرێم کە ئێستا زیاتر بە کەسیی کراوە و وەک مامەڵەیەکی نێوان ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و بنەماڵەی بەرزانی دەردەکەوێت، چونکە مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمەڵێک بەرزانی بەهێزدا ئاسانترە لە مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتێکی بەهێز.

**کێشەی ئایدۆلۆجیا:** لە سەردەمی مۆدێرنە، لە عێراقدا ئەو حیزبانە کەمبوونەتەوە کە ئایدۆلۆجیا ئاراستەیان دەکات،[27] ئیسلامی سیاسی و حیزبە نەتەوایەتیەکانیش شکستیان هێناوە و ئەو هێزەیان نەماوە. خاڵێکی دیکەش ئەوەیە نە لە عێراق و نە لە

هەرێمــی کوردســتان، هــیچ ئۆپۆزســیۆنێکی بەهێــزی عەقڵانــی و ئەخلاقــی ســەریان هەڵنەدا کە بتــوانن لە دژی حــوکمی بنەماڵەکــان بووەستنەوە و بتوانن ئەو ڕەوتە ببوژێننەوە.

## بنەماڵە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان

دەتوانین یاریزانانی سیاسی گۆڕەپانی کوردستان، بکەین بە سێ کۆمەڵەوە: پارتی و بنەماڵەی بەرزانی، یەکێتی و بنەماڵەی تاڵەبانی، کۆمەڵەکەی دیکەش نەوەی نوێ و گۆڕانن.

## پارتی و بنەماڵەی بەرزانی

زیـاتر لە نیـو سـەدەیە بنەمـاڵەی بەرزانـی لەنـاو چەقـی دەسـەڵاتی پــارتی دیمــوکراتی کوردســتانن و لە ســاڵی ١٩٩٢ەوەوە هەمــان پێگەشـیان لە حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتاندا هەیە. نـاکۆکی نێـوان بنەمـاڵەی بەرزانـی و تاڵەبـانی بـۆ سـاڵانی ١٩٦٤ دەگـەڕێتەوە، کاتێک کۆمەڵێک ئەندام مەکتەب سیاسی بەهێزی ئەوکات، لە مەلا مستەفای دامەزرێنەری پارتی هەڵگەڕانەوە و تۆمەتباریان کرد بە قۆرخکردنی دەسـەڵات لە بەرژەوەنـدی بنەمـاڵەکەی و حسـابنەکردن بـۆ کەسـانی پلەیەکــی حیــزبەکە. ئەو کەســانەی کە ڕابەرایەتــی ئەم بەرەیەیــان دەکـرد، ئیبـراهیم ئەحـمەد و جەلال تاڵەبـانی بـوون کە دواتـر جیـا بووەنەوە و یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیان دروست کرد.[28]

هێشــتا خەیــاڵی پــارتی گیــرۆدەی ئەو جیــابوونەوەیەیە و تەواوی دونیـــــابینی سیاســــــی لە کوردســــــتاندا لەســـــــەر ئەو ڕووداوە دامەزرانـدووە.[29] لە سـاڵانی ١٩٤٦-١٩٦١ مسـتەفا بەرزانـی وەک ســەرۆکی خێڵێــک، پــارتی دیمــوکراتی کوردســتانی دامەزرانــد و

پشتیوانیەکی جەماوەری گەورەی بۆ جولانەوە چەکداریەکەی لە دژی حکومەتی عێراق بەدەست هێنا کە ئامانجەکەی بەرگریکردن بوو لە مافەکانی کورد. ئەم کارەی بەرزانی لەلایەن کۆمەڵێک کەسایەتی چەپی ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەوە پشتیوانی دەکرا، بەڵام جیابوونەوەی بەرەی مەکتەبی سیاسی، بووە ئاڵنگارییەک لەبەردەم سەرکەوتنی و ئەمەش وای کرد کە بگاتە ئەو باوەڕەی کە پەیوەندی خوێنی لە پەیوەندی حیزبایەتی و ئایدۆلۆژی بەهێزترە. لەسەر ئاستی کەسیش جیابوونەوەی تاڵەبانی وەک پێوەدانێکی بەئازار وابوو، چونکە بارزانی ئەوی وەک کوڕی خۆی تەماشا دەکرد. دوای کۆچی دوایی مستەفا بەرزانی لە ساڵی ١٩٧٩، مەسعودی کوڕی سەرۆکایەتی پ.د.ک گرتە دەست.


پارتی سەردەمی مەسعود بەرزانی، کۆمەڵێک ئەندامی مەکتەب سیاسی نوێ و دەزگایەکی هەواڵگری پشتیوانیان دەکرد کە بەدڵنیاییەوە دەزگاکە تەواو ئینتیمای بۆ بنەماڵەکە هەبوو. بەو جۆرە کوتلە بەهێزەکان و ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کەوتنە کەنارەوە و چیتر ئەو ئازادیەی پێشوویان بۆ گفتوگۆکردن و تاوتوێکردنی کێشەکان نەبوو، با بەرزانیش لە کۆتاییدا قسەی بکردایە. تا ئەمڕۆ بەرزانی ئەو کەسانەی ناو حیزبەکەی وەک ئامرازێک بۆ جێبەجێکردنی ئامرازەکانی تەماشا دەکات. دەسەڵاتی بنەماڵەی بەرزانی کە درێژ دەبێتەوە بۆ سنوورێکی فراوانتر لە خێڵ، دەستەواژەکانیشی گرتووەتەوە: لە (کاک) براگەورەوە گۆڕاوە بۆ سەرۆک و چووەتە ئاستێک کە مەرجەع "ڕیبەری بالا"شی پێ دەگوترێت.

دیاریکردنی کەسێک بۆ جێگرەوەی مەسعود بەرزانی (لەدایکبووی ١٩٤٦) کە شتێکی پێشبینیکراو بوو، گرژی زیاتری لە دەسەڵاتدا دروست کرد چونکە مەسروری کوڕەگەورەی و نێچیرەڤانی برازای دیارترین ڕکابەر بوون. بەتێپەڕبوونی کاتیش ململانێی نێوان نێچیرەڤان (سەرۆکی هەرێم) و مەسرور (سەرۆکی حکومەتی هەرێم) توندتر دەبوو. لە ساڵی ٢٠١٩ کاتێک مەسعود کوڕەکەی کرد بە سەرۆکوەزیران، هەر لە هەمان کاتدا دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کەم کردەوە و پاش ئەوە پۆستەکەی بۆ نێچیرەڤان بەجێ هێشت. مەسرور بە پاڵپشتی باوکی وەک سیاسیەکانی دیکەی عێراق، لۆبی خۆی لەگەڵ ئەمریکییەکان پاراست، تاوەکو خۆی لەبەرچاوی ئەمریکیەکان جوان بکات و تۆڕی پەیوەندیەکانیشی فراوانتر بکات، پاشان دەسەڵاتی خۆی بچەسپێنێت و تۆڕی دەسەڵاتی ئامۆزاکەشی بچووک بکاتەوە. لە ناوەندی یارییەکانی ئەم سێ دەسەڵاتدارە سەرەکییەدا، مەکتەبی سیاسی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی، لەکەناردا مابوونەوە و لەپشت هەر کەسێکەوە بوون کە بەرزانی بیکاتە جێگرەوەی خۆی. هەر لە هەمان کاتیشدا ئەندامانی بنەماڵەی بەرزانی خاوەنی زۆربەی پێگە سیاسی و ئەمنی و ئابوورییەکان بوون. بەردەوام لەگەڵ گەشەکردنی ئەم خێزانەشدا سامان و پۆست و پێگەی حکومی زیاتریان پێویست دەبێت، بۆئەوەی بەیەکسانی دابەشی بکەن. (ئەگەر پێشبینی ئیبن خەلدوونی فەیلەسوفی سەدەکانی ناوەڕاست لەم بابەتەدا وەربگرین، ئەمە لە ئایندەدا مەترسی بۆ سەر هەژمونی بەرزانیەکان دەبێت.[30])

**یەکێتی و بنەماڵەی تاڵەبانی**

دروستبوونی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٥دا، وەک شۆڕشێک وابوو دژی دەسەلاتی بنەماڵەیی لە پ.د.ک دا، بەڵام ئەمڕۆ ئێمە بەپێچەوانەوە بەهێزبوونی حوکمی بنەماڵە لەناو یەکێتیدا دەبینین. ئێستا بافڵ تاڵەبانی کوڕەگەورەی جەلال تاڵەبانی سەرکردایەتی ئەو پارتە دەکات. بۆ هێشتنەوەی دەسەڵات لەدەستی بافڵ و قوبادی کوڕەبچووکدا، بنەماڵەکە تەواو لاسایی بنەماڵەی بەرزانی دەکەنەوە و دەسەڵاتی نەوەکانیان پەرە پێداوە. سەرباری ئەوە جەلال تاڵەبانی کاتێک تەواو نەخۆش بوو و نەیدەتوانی حیزبەکەی بەڕێوە ببات، وازی لە سەرۆکایەتی حیزبەکەی نەهێنا، ئەمەش قورسی پڕۆسەی گۆڕینی کەسی یەکەم نیشان دەدات ئەگەر لە مەرگیش نزیک بێت.

لە سەرەتای دروستبوونیدا یەکێتی دەیویست وەک حیزبێکی شارستانی نزیک لە چەپەکان خۆی نیشان بدات و بەپێچەوانەی نەریتیبوونی پارتیەوە دەر بکەوێت. بۆیە لە پەیکەری ڕێکخراوەیی و چەمکە سیاسییەکانیدا لاسایی بەلشەفیەکانی ڕووسیای سەرەتای سەدەی بیستی دەکردەوە و مەکتەبی سیاسییەکەی بەهێز دەکرد کە ئەمە شتێکی باوە لە حیزبە کوردییەکاندا، هەروەها لەجیاتی سەرۆکیش وشەی سکرتێری گشتیان بەکار دەهێنا. لەناو یەکێتیدا دوو دەستە خەڵکی جیاواز هەن؛ هەندێکیان بۆ بەرژەوەندی گشتی ناو یەکێتی کار دەکەن و هەندێکیشیان ململانێی دەسەڵات دەکەن. تاڵەبانی باوک زۆر بەلێزانی مامەڵەی لەگەڵ ئەو دوو دەستەیەدا دەکرد و بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاری دەهێنان. وەک ئەوەی عادل عەبدولمەهدی کە هاوڕێی دێرینی تاڵەبانی و سەرۆکوەزیرانی




پێشــوو لە وەســفی تاڵەبــانیی باوکــدا دەڵێــت: "تاڵەبــانی لەپێنــاوی ڕاگرتنی هاوسەنگیدا لە بنەمایەکەوە بازی بۆ بنەمایەکی دیکە دەدا و ڕووبەڕووی کۆمەڵێـک ئاڵنگـاریی دژبەیەک دەبـووەوە."[31] پـاش ئەوەی دۆخی تەندروستی تاڵەبانی بەرەو خراپی ڕۆیشت، سەرەتا

دەسـەڵات چـووە دەسـتی ژنەکەی (هێـرۆ)، دوای ئەوەش چـووە دەستی بافڵی کوڕی و لاهوری برازای. دوای کودەتایەکی خێزانی لە ساڵی ٢٠٢١دا، بافڵ ئامۆزاکەی کەنارگیر کرد و لە کۆنگرەی ساڵی ٢٠٢٣ی حیزبەکەشدا بەبێ ڕکابەر کرا بە سکرتێری یەکێتی.[32]

لەڕابردوودا بوون بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی لە یەکێتیدا، پێویستی بە خزمەتێکی زۆر و بردنەوەی ململانێیەکی بەهێزی ناو کۆنگرە هەبوو، بەڵام کاتێک لەو حیزبەشدا وەک پارتی، حوکمی بنەماڵە بردییەوە، بافڵ تاڵەبانی بەشێوەیەکی تاکلایەنانە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بە خەتی قەڵەمەکەی دیاری کرد. ئێستا هەردوو حیزب تەنها لەو خاڵەدا جیان کە کۆنترۆڵی دوو ناوچەی جیاوازی کوردستانیان کردووە (یەکێتی سلێمانی و پارتیش هەولێر و دهۆک)، ئەگەرنا ئەو دوو حیزبە هیچ جیاوازییەکی ڕاستەقینەی ئایدۆلۆژی و سیاسییان نییە.

**بزوتنەوەی گۆڕان و جوڵانەوەی نەوەی نوێ**

ساڵی ١٩٩٤ و تەنها دوای دووساڵ لە دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان، یەکێتی و پارتی دەستیان کرد بە شەڕی ناوخۆ، ئەو نائومێدییەی کە بەهۆی خراپبەڕێوەبردنی هەردوو ئیدارەکە و گەندەڵی و قۆرخکردنی دەسەڵاتەوە دروست بوو، وای کرد پارتی ئۆپۆزسیۆن دروست ببن. بەو شێوەیە ساڵی ٢٠٠٩ نەوشیروان مستەفای جێگر و هاوڕێی دێرینی تاڵەبانی، یەکێتی بەجێ هێشت و بزوتنەوەی گۆڕانی دروست کرد، ئەمەش بەهۆی

ئەوەی کە نەیتـوانی لە حیـزبەکەی پێشـویدا هـیچ گۆڕانکـارییەک دروست بکات.

بەڵام بەداخەوە، سـەرەڕای ئەوەی نەوشـیروان مسـتەفا دەیزانـی کە حـوکمی بنەمـاڵەیی دەردێکـی کوشـندەیە لە هەرێمـدا، گـۆڕان تەنهـا کۆمەڵیـک دەموچـاوی گـۆڕی. نەوشـیروان وەک سـەرکردەیەکی کاریزمی لێهاتوو، یارمەتیدەر بوو بۆئەوەی پایەیەکی مەعریفی بۆ بـزوتنەوەکە دابنرێـت، ئەو داینەمـۆی بـزوتنەوەکە بـوو، بەڵام سەرەکیترین خاڵی لاوازیشی بوو. ئەو ئەوەندە پەلکێش کرایە ناو ململانێـی بنەمـاڵەی بەرزانـی و تاڵەبـانی، نەیتـوانی لە ڕابەرێکـی جەمـاوەرییەوە ببێـتە بنیـادنەری دامەزراوەیەکـی بەهێـز و خـۆگر. تەنـانەت کاتێک نەوشـیروان مسـتەفا بۆ نەخۆشـییەکەی لە لەنـدەن بـوو، بـزوتنەوەکەی لە بریـارە گرنگەکانـدا بـۆ ئەو دەگەڕایەوە. لە هەڵبژاردنـی سـاڵی ٢٠١٣ دا بـزوتنەوەی گـۆڕان تـوانی لە یەکێتـی ببـاتەوە، بەلام دوای ئەوەی نەوشـیروان مسـتەفا لە سـاڵی ٢٠١٧ دا کۆچی دوایی کرد و نما و چیای کوڕی دەسـەلاتیان کەوتە دەست، لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٢١ دا بزووتنەوەکە بەتەواوەتی توایەوە.

هەرسەبارەت بە چیرۆکی نەوشیروان مستەفا، تیۆرییە سیاسییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە سەرکردە کاریزماییەکان دەکرێت لە قۆنـاغی سـەرەتادا بـۆ دروسـتکردنی بزوتنەوەکانیـان گـرنگبن، بەڵام ئەم سـەرکردە کاریزمیـانە زیـان بە بەدەزگـابوون دەدەن و حـوکمی کەسیی بەهێز دەکەن.[33] ڕەنگە کەسێک بپرسێت کە ئەو و جەلال تاڵەبانی چەندێک ئاگایان لەو ئاگادارکردنەوەیەی نیچە بێت کە لەم ڕستەیەدا دای دەڕێژینەوە: ئەی شـەڕی دێوەکـان دەکەن، پێویسـتە ئاگاتان لەوە بێت کە خۆتان نەبنەوە بە دێو.[34]



شاسوار عەبدولواحید و سروە عەبدولواحید

لە کۆتاییدا، ڕۆشتن بەرەو حوکمی تاکەکەس لە دوا هێزی سیاسی هەرێمی کوردستاندا کە نەوەی نوێیە، زۆر بەرچاوە. نەوێ نوێ جولانەوەیەکی پۆپۆلیستیە و لە ساڵی ٢٠١٨دا دروست بووە. کەسایەتی دیاری ئەم بزووتنەوەیە شاسوار عەبدولواحیدە کە یەکێکە لەو دەوڵەمەندە پیاکەوتەکانەی کە بەهۆی گەرمبوونی بازاڕی خانووبەرەوە دروست بووە و بەمەش بووە بە پاڵپشتییەکی ئابووری بۆ جووڵانەوەکەی.

### کەسایەتی و بنەماڵە سیاسییە بەهێزەکانی ناو شیعە

وەک پارتە کوردییەکانی هاوشانیان، لە حیزبە سیاسییە عەرەبییەکانیشدا بەچەندین ڕێگەی جیاواز، کەسایەتی و بنەماڵە سیاسییە بەهێزەکان باڵ بەسەر شیعە و سوننەکاندا دەکێشن.

### کەسایەتییە ئایینییەکان وەک سیاسییەک

شیعەکان زۆرینەی دانیشتوانی عێراق پێک دەهێنن، بەم هۆیە ئەم مەزهەبەی ئیسلامیش چووەتە ناو دڵی سیاسەتی عێراقەوە. مەزارگەکانی شیعە لە هەموو عێراقدا بڵاو بوونەتەوە و زەمەنێکی درێژیشە نەجەف شارێکی پیرۆزە.[35] نەجەف تەنها حەوزەی زانستی شیعەکان نییە، بەڵکو سەرچاوەی بەرهەمهێنانی بیرۆکە و بڕیارە سیاسییەکانیشیانە.[36] گەورەترین دەسەڵاتی ئایینی شیعە: (گەورەترین مەرجەع) ئایتوڵڵا عەلی سیستانی کە لە ساڵی ١٩٣٠ لەدایک بووە، لەو شارە دادەنیشێت و حەوزەی عیلمی لەوێیە. لەو ساڵانەوە کە عێراقی تێدا دروست بووە، مەرجەع بەشدارە لە سیاسەت؛ بەنزیکەیی لەو کاتەوەی کە کازم یەزیدی لە ساڵی ١٩١٧ لە شۆڕشی نەجەف بەشداری کرد[37]. ئەمە هەتا ئێستا بەردەوامە کە سیستانی ڕۆڵێکی باڵای هەیە و لە دیاریکردنی پێگە سیاسییەکان و بڕیارە یەکلاکەرەوەکانی وەک نووسینەوەی دەستوور و فتوادان لە دژی داعش و دژایەتیکردنی هەڵبژاردنەوەی نوری مالیکی بۆ سێیەم خول ڕۆڵی هەبووە.[38] تەنانەت لە حەوزە کە شوێنی زانستە و نەریتێکی بنەماڵەیی تێدا نییە، هەندێک لە مەرجەعەکان پێگەی خۆیان بۆ چوونە ناو سیاسەت و بەدەستهێنانی سامان و پێگە بۆ بنەماڵەکانیان بەکار دەهێنن. گەر تەماشای ڕابردوو بکەین دەبینین پێگەی محمد بحر العلوم و ئەبو قاسم ئەلخوئی و محمد باقر سەدر و محمد باقر حەکیم، یارمەتیدەر بووە لەوەی کە زۆر ئاسایی بێت کە ئەندام و بنەماڵەکانیان ببن بە چەقی سیاسەت لە عێراق.

موقتەدا سەدر تاقە کەسایەتییەکە لەناو شیعەکاندا کە پێگە نیشتیمانییەکەی تەواو ئاوێتە بووە لەگەڵ شەهیدبوونی محمد سادق ئەلسەدری باوکی کە دامەزرێنەری حیزبی دەعوە بوو، سادق سەدر ساڵی ١٩٩٩ بە دەستی بەعس کوژرا. هەرچەندە موقتەدا تەمەنێکی

کەمی هەیە بۆئەوەی ببێتە ڕابەرێکی ئایینی، بەڵام سەدر سەیدە (نەوەی پێغەمبەر محمد) و سەروەتە کۆمەڵایەتی و سیمبولی و ئاینییەکەی زۆر زیاترە لە هاوتاکانی. موقتەدا دوای ئەوەی لە کاتی سەددامدا لە عێراقدا مایەوە و نەچوو بەرەو مەنفا، ئیدی بەهۆی کەسایەتیە بەهێزەکەی و هەوڵە زۆرەکانییەوە، وەک ڕابەرێکی بەهێزی سیاسی دەرکەوت و گروپێکی ئایینی شوێنکەوتەی بوون. ئەو ئێستا بەهۆی دەسەڵاتەکەیەوە بەشێوەیەکی سەربەخۆ و هاوتەریب بە حکومەت جوڵە دەکات، ئەمەش ڕاددەیەک لە ئازادیی داوەتێ بۆ کارکردن.



موقتەدا سەدر و محمد باقر سەدر

ناوەندێتی دەسەڵاتی سەدر و ئارەزووی زۆری بۆ کۆنترۆڵکردنی سیاسەتی عێراق، هەروەها ویستی بۆ سەربەخۆبوون لە سوپای پاسدارانی ئێران و هۆشدارییەکانی لەدژی ئێران، وای کردووە سەدر لەلایەن عێراقی و ئێرانییەکانیشەوە ڕووبەڕووی سیاسەتی پەرتکە و زاڵبە ببێتەوە. بۆ نموونە بەهۆی دەستێوەردانی ئێرانییەکانەوە، سەدر و قەیس خزعەلی شاگردی لەیەکتر جیا بوونەوە، لە کاتێکدا پێشتر قەیس خزعەلی لە ڤیدیۆیەکدا ئاو بۆ

سەدر دەگیرێت[39]، دواتر قەیس لە سەدر جیابووەوە و بە پاڵپشتی ئێران میلیشیاکانی عەسائیبی ئەهل-ئەلحەقی دروست کرد[40]، دواتریش شوێنپێی سەدری هەڵگرت و لە فەرماندەی میلیشیاوە بوو بە سیاسی. خزعەلی سەرپەرشتی گەورەبوونی عەسائیبی ئەهل-ئەلحەقی کرد لە بەدەستهێنانی یەک کورسی پەرلەمانەوە لە ٢٠١٤، بۆ پانزە کورسی لە ساڵی ٢٠١٨. لە کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩ خزعەلی لەلایەن وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکاوە خرایە ناو لیستی تیرۆرەوە.[41]

ڕۆڵی سەدر وەک هێزێکی سیاسی تەواو تاکەکەسیی لەو کاتەدا دەرکەوت کە وا دیاربوو سیاسییەکانی دیکەی عێراق ڕۆڵیان کۆتایی هاتبێت. دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢١، دەسەڵات لەناو ڕەوتی سەدردا ئەوەندە سەنتەری بوو کە موقتەدا خۆی نەهێنایە ئاستی ئەوەی کە حیزب دروست بکات. وەک شرۆڤەکاری سیاسی عێراق نیبراس کازیمی ئاماژەی پێ دەکات: "بەجێی بایەخ مانەوە (relevance) لەلای سەدر پاڵنەری یەکەمە." ئەم بە بایەخ مانەوەیش ئامانجێکی تەواو کەسییە.[42] پشتیوانانی سەدر هەر کاتێک کەمێک دەربکەون، بەخێرایی خۆیان لە چاوی گشتی دوور دەخەنەوە، ئەمەش تەریبە بەو ئامانجەی سەدر کە دەیەوێت بەبێ ڕکابەر هەموو دەسەڵاتەکان تەنها لەلای خۆی بمێنێتەوە. بۆ دوای دەنگدانی ساڵی ٢٠٢١، سەدر دوای لە هەر حەفتاوسێ ئەندام پەرلەمانەکەی سەر بە ڕەوتەکەی کرد کە دەست لە کار بکێشنەوە، ئەمەش بۆ خۆدوورخستنەوە بوو لەو شکستە شەرمهێنەرەی بوو بەرامبەر بە لایەنە شیعەکانی دیکەی ڕکابەری.[43]

**بنەماڵەی حەکیم**

عەمار حەکیم نمونەیەکی دیکەی هاوشێوەیە بۆ چەقێتی دەسەڵاتی بنماڵە لەناو عێراق. ئەو نەوەی ئایەتوڵا موحسین ئەلحەکیمی مەرجەع و کوڕی عەبدولعەزیز حەکیمە کە یەکێک بوو لە کەسایەتییە سیاسییەکانی دوای سەددام. بەبڕوای یەکێک لە توێژەرە شیعییەکانی عێراق، حەکیم نمایندەی ئەو بنەماڵەیەی نەجەفە کە مەزهەبی شیعەیان بە سیاسیی کرد و کاری پیاوە ئایینیەکانی ناو مەزهەبەکەیان لە لێکۆڵینەوە لە فەقیهـ و کەسایەتییەکی ئایینییەوە گۆڕی بۆ کەسایەتی بەهێزی سیاسی.[44] لەکۆتاییدا ئێستا حەکیمیش ڕکابەرێکی دیکەی ناو گۆڕەپانەکەیە و ململانێ لەگەڵ بنەماڵە شیعییەکانی وەک بنەماڵەی سەدر دەکات.

عەمار دوای مردنی باوکی لە ساڵی ٢٠٠٩، سەرکردایەتی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی گرتە دەست، بەڵام کاتێک وا دیار بوو کە بەهێزکردنی دەسەڵاتەکەی شتێکی زەحمەتە، ڕەوتی حیکمەی نیشتیمانی دامەزراند کە چوستیەکی دیکەی پێوە دیار بوو. عەمار لە ساڵی ٢٠١٧ دا دەستی لە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی کێشایەوە و جارێکی دیکە ئەوەی باشتر دەرخست کە ڕابەری حیزب لە عێراقدا چەندە لە حیزبەکە گرنگترە و چۆن ئەو ڕابەرانەی کە لە بنەماڵەکانەوە هاتوون، بەهیچ جۆرێک لەگەڵ ڕکابەرە ناوخۆییەکانی ناو حیزبەکانیان هەڵناکەن. لەم دیمەنەدا ئەوە زۆر ئاشکرایە کە دەکرێت حیزب نەمێنێت، بەڵام ڕابەر و کاریزما هەر دەمێنێتەوە، هەروەها ڕەگوڕیشەی ئایینی و سیاسی و گەڕان بەدوای پێگە و شەهیدبوون، بەردەوامی دەدات بە دروستبوونی کەسایەتییەکان. بەم شێوەیە دۆخی عێراقیش هەمان شێوەی دۆخی کوردستانە.

## The al-Hakim Dynasty



**First generation**

Grand Ayatollah
Moshen al-Hakim
(1889–1970)
*Shia Najaf marja*



**Second generation**

Abdulaziz al-Hakim
(1952–2009)
*theologian, politician, and leader of the Islamic Supreme Council of Iraq*



**Third generation**

Ammar al-Hakim
(1971–)
*head of the National Wisdom Movement*



**سوننەکان**

لە ســـاڵی ٢٠٠٣ەوە بەردەوام دەرکەوتـــن و نەمـــانی بنەمـــاڵە و کەسایەتییە سونییەکان زۆر بەرچاوە و دەتوانین بڵێین لە شیعە و کـوردیش زیـاترە، ڕەنـگە هەنـدێک کەسـیش ئەمە بگەڕێنـنەوە بـۆ نەبوونی دەسەڵاتێکی باڵا (مەرجەع) لەناو مەزهەبی سوننەدا.

وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، حکومەتی بەعس مۆدێلێک بوو بۆ ئەم سیاسـەتەی کە لەسـەر بنەمـای شەخسـەکانە. دەستبەجێ دوای ئەوەی ســاڵی ١٩٦٨ دەســەڵاتیان گــرتە دەســت، بەعــس بــووە بزوتنەوەیەکـی ناسیۆنالیسـتی عەرەبە کە هێزێکـی داپڵۆسـێنەری لە پشـتەوە بـوو.[46] هەرزوو پابەنـدبوون بە حیـزب و مێریتۆکراسـی[2] ڕێـگەی خـۆش کـرد بـۆ ئەوەی کە بنەمـاڵەی سـەددام و هۆزەکـانی گونـدی عـۆجەی سـەر بە شـاری تکریـت خۆیـان بـخەنە پێشـەوە.[47] لەدوای جەنگی کەنداوی ساڵی ١٩٩١، کاتێک حوکمی سەددام زیـاتر چاوی کەوتە سەر و بوو بە کێشە، سەددام زیاتر تەنها متمـانەی بە عودەی و قوسەی کوڕی هەبوو. سـەددام وەک هەمـوو کەسـایەتییە خاوەنپێگەکـانی دیـکە،[48] کاتێـک بـازنەی دەسـەڵاتەکەی بچـووکتر بووەوە، بەرەو لاوازبوون و گۆشەگیری زیاتر چوو، ئەو لەو کـاتەدا بە کۆمەڵێک کەسی سەرلەقێنەر دەورە درابوو کە نەیاندەوێرا هـیچ ڕاستییەکی تاڵ لەکاتی هێرشەکانی ئەمریکادا بڵێن.

[2] ئەو شێوازەی حکومڕانییە کە کەسانی شایستە دەچنە پێشەوە.

پــێش هێرشـــەکانی ئەمریکــا لە ســاڵی ٢٠٠٣، زۆربەی شــیعە و کوردەکـان هەسـتیان بەوە دەکـرد کە لەژێـر حکـومڕانی سـوننەدا لە عێراق، تەواو پەراوێزخـراون. بەتایبەتی لە دوارۆژەکانی حکومڕانی بەعسـدا، سـوننەکان زۆرتـر دەسـتیان بە حکـومەتەوە گیـر کردبـوو، هەر ئەمەشـە وا دەکـات ئەمـڕۆ باسـکردنی سـەرکەوتنی سـوننەکان، ڕاسـتەوخۆ سـەرکوتکردنی شـیعە و کـورد و شـەڕ بهێنێـتەوە نـاو یــادەوەری. ئەم یادەوەرییــانەش شــکڵێکی دیــاریکراوی ڕوانینـــی بەرامــبەر بە خۆیــان و حکــومەت و ئەوانـــی دیــکە، داوەتە ئەم کۆمەڵگــانە. هەر لە ڕووخانــدنی ســـەددامەوە، دەرکەوتنـــی هەر کەسایەتییەکی بەهێزی سوننە، دەبووە هۆی سـەرکوتکردنی لەلایەن حکـومەتەوە، وەک ئەو سـەرکوتکردنانەی پـێش دەرکەوتنـی داعـش ناوچە سـوننەکان ڕووبەڕووی بوونەوە و دابەشکاریی نـاوخۆیی و جوگرافییان بەسـەردا هێنرا. سـەرباری ئەوە ململانێی توندی نێوان ســـەرکردە ســـوننەکانیش، بووبـــووە ئاڵنگـــاری گەورە لەبەردەم سـوننەکاندا. بـۆ نمـونە لە کـانونی یەکەمـی ٢٠١١، یەک ڕۆژ دوای ئەوەی کە هێزەکـانی ئەمریکـا لە عێـراق کشـانەوە، نـوری مـالیکی سەرۆکوەزیرانی عێراقی ئەوکات، فەرمـانی دەسـتگیرکدنی بـۆ تـارق هاشمی جێگری سـەرۆککۆمار[49] و سـەکردەیەکی دیـاری سـوننەکان لە بەغـداد دەرکـرد کە پێشـتر هاشـمی سـەرۆکی حیزبـی ئیسـلامی عێراق بـووە. ئەو بۆشـاییە سیاسییەی کە لەنـاو سـوننەکاندا هەبـوو کۆمەڵێک هەلـی زیـاتری بـۆ کەسـایەتییە بەهێزەکـان ڕەخسـاند، بـۆ نمونە ئەو دۆخەی داعش دروسـتی کـرد و  دەسـتی بەسـەر نـاوچە سونییەکاندا گـرت، وای کـرد پشـت بە میلیشـیا شـیعەکان ببەسـترێت بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی.

دوای هێرشـەکانی ئەمریکـا، سـەرەتا نـوخبە و کـۆمەڵە سـونییەکان بەرگریـان لە دەسـەلاتی خۆیـان دەکـرد، بەڵام دواتـر بەهـۆی پێداویسـتی واقیعیـیەوە، خۆیـان لەگەڵ دۆخەکەدا ڕاهێنـا. ئیـدی هەندێکیان بەشدارییان لە پرۆسەی سیاسیدا کرد و هەندێکیشیان بـایکۆتی پرۆسـەکەیان کـرد و هەندێکیشـیان بەئاشـکرا جەنگیـان ڕاگەیانـد و لەنـاوچە سـونییەکاندا یەکەم بەرەی یـاخیبوون لە دژی ئەمریکییەکـان دروسـت بـوو. ئەمـڕۆ بیرەوەرییەکـانی سـەردەمی سـەددام و ئەو تـایەفەگەرییەی کە ڕەگـی داکوتیـوە، وا دەکـات دروستبوونی سەرکردەی سوننە، سەرکردەکانی شیعە زۆر نیگەران بکات، ئەم عەقڵیەتەش بەجۆرێک لە جۆرەکان بەرهەمی تارانە. بۆ نمـونە سـاڵانی ڕابـردوو کاتێـک ئەردۆگـان نـامەی پاڵپشـتی بـۆ سـەرکردە سـونییەکان نـارد، گـرژی لەنێـوان نـوری مـالیکی سـەرۆکوەزیرانی پێشـووی عێـراق و ئەردۆگانـدا دروسـت بـوو، هەروەهـا یەکێـک لە وتەبێـژە شـیعییەکانی پەرلەمـان تورکیـای بە پارێزەری سوننەکان ناوزەند کرد.[50]

حیزبی ئیسلامی عێراق کە تاکە حیزبی سوننەی ئۆپۆزسیۆنە کە لە سـەردەمی بەعسـدا لە تـاراوگە بـوو، ڕۆڵێکـی سیاسـی بەرچـاوی لەدوای هێرشـەکانی ئەمریکـا هەبـوو. لە سـاڵی ٢٠٠٥ەوە لە شـەش سـەرۆکپەرلەمان، سـێ سـەرۆکپەرلەمان لەو حیـزبە بـوون و یەک جێگـری سـەرۆککۆماریش لەوان بـووە. لەدوای ئەو دابەشـکارییە تـائیفییەی کە لە عێـراق دروسـت بـوو، پۆسـتی سـەرۆکپەرلەمان بەشێوەیەکی نەریتی تەرخان کرا بۆ سوننەکان. لەم ساڵانەی دوایدا ئیـدی وردەوردە حزبـی ئیسـلامی عێراقـی بەرەو لاوازی ڕۆیشـت، بەتـایبەتی دوای ئەوەی نـوری مـالیکی بە تـۆمەتی تونـدوتیژی بەرامبەر شیعەکان، ڕافع عیسـاوی جێگری سـەرۆکوەزیران و تارق

هاشمی سەرۆککۆماری، ناچارکرد بەوە کرد کە ساڵی ٢٠١١ عێراق بەجێ بهێڵن.[51] هەروەها ئەم پارتە بەر سیاسەتی ڕیشەکێشکردنی بەعسیەکان (أجتثاث البعث) کەوت کە ئەم سیاسەتە تایبەت بوو بە نەهێشتنی پاشماوەکانی حیزبەکەی سەددام حسێن، بەڵام بە شێوەیەک بوو کە ڕابەرە سوننییەکانی دیکەش دەکەوتنە بەر ئەو یاسایە. لێرەدا جێی سەرنجە بڵێین وشەی ڕیشەکێشکردن لە وشە عەرەبییەکەیدا وەک وشە ئینگلیزییەکەی بیرۆکراتیانە نییە و بەڵکو بە مانای لە ڕەگەوە دەرهێنانی گیا زیانبەخشەکان دێت.[52] دانانی ئەو هەموو پەستانە وای کرد گروپە تیرۆستییە سوننییەکانی وەک ئەلقاعیدە و داعش پارێزگا سوونە نشینەکان بکەن بە مەیدانی سەرەکی خۆیان.

سەرباری ئەوەش حیزبە سوننییەکانی دوای ڕووخانی بەعس، بەردەوام بەهۆی ناوزڕاندنیان بە بوونی پەیوەندی لەگەڵ بەعس، هەستیان بە پەراوێزخراوی دەکرد، ئەمەش بەشێوەیەک بوو کە پێیان وابوو ناتوانن بچنەوە ناو جەماوەر و پشتیوانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بەدەستبهێننەوە و ڕکابەری کورد و شیعە بکەن.[53] لەم دەسەڵاتە نوێیەی کە دروست بوو، سوننەکان گەڕانەوە بۆ پەیوەندییە هەرێمی و خێڵەکییەکانیان کە پێش لە سەدەیەک گێرترود بێڵی نووسەر و ئەفسەری کۆلۆنیالی بەریتانی ئاماژەی پێ کردووە. بنەماڵە سیاسییەکان و سەرۆکعەشرەتەکان بەم شێوەیە گەشەیان کردووە و ململانێی ئەوان لەسەر پێگەی جەماوەری و سەرچاوەی دارایی بوو، ئەوان قەرزاری کاریزمابوون و سامان و میراتی خۆیانن نەک دەوڵەت و دەزگاکان. ئەمەش بەسەر هەردوو سەرکردەی دیاری سوننییەکان لەمڕۆدا کە محمد حەلبووسی سەرۆکی پێشووی پەرلەمان و خەمیس خەنجەری سەرکردەی

خێڵەکی و سیاسی جێبەجێ دەبێت کە بەم دواییانە خەنجەر کەوتە بەر ســــزاکانی بەرنــــامەی ماگنیتســــکی جیهــــانیی ویــــلایەتە یەکگرتووەکان.[54]

لەکاتی لێکۆڵینەوە لە سیاسەتی سونییەکان لە عێراق، یەکەم شت دەبێــت ئەوەمــان لەبەرچــاو بێــت کە ســوننەکانی عێــراق زۆر فرەچەشــنن و ڕوویــان لە چەنــدین بەرژەوەنــدی و ئاڕاســتەی هەرێمیــیە. بــۆ نمــونە زۆربەی ســوننەکانی پارێزگــای ئەنبــار کە هاوســنووورە لەگەڵ ســووریا، جیــاوازن لە ســوننەکانی دیــالە کە کۆمەڵگەیەکی تێکەڵە بە سوننە و شیعە و هاوسنوورە لەگەڵ ئێران. بەهەمان شێوە ململانێ لەسەر پێگەی جەماوەرییان، سوننەکانی موسڵ (کە گەورەترین پارێزگای سوونییە) و ئەنباری ڕووبەڕووی یەک کردووەتەوە. پێش گرتنی موسڵ لەلایەن داعشەوە لە ساڵی ٢٠١٤، ئەو بنەماڵەی نوجەیفی کۆنترۆڵی ئەو پارێزگایەی کردبوو کە بنەمــاڵەیەکی دەوڵەمەنــد و خــاوەنزەوین، بەڵام لە هەڵبژاردنــی ساڵی ٢٠٢١ بەهۆی هەندێک هۆکاری وەک سەرهەڵدانی داعش و تێوەگلانیان لە گەندەڵییەوە، ئەو بنەماڵەیە زۆربەی کورسییەکانیان لەدەســتدا.[55] ئێســتا ئەوان فەرمــان لە بنەمــاڵەی بەرزانــی و ئەو میلیشــیایانەوە وەردەگــرن کە دۆســیەی ئەمنــی پارێزگاکەیــان بەدەســتەوەیە. هەروەهــا یەکێکــی دیــکە لەو کەســایەتییە ســوننییە دیــارانەی کە لە ســاحەکەدا ون بــوو، ســەلیم ئەلجبــووری بــوو کە پێشتر سەرۆکی پەلەمان بوو، ئەوەش بەهۆی تۆمەتبارکردنی بە بــوونی پەیوەنــدی لەگەڵ ئێــران و بەریەککەوتنەکــانی لەگەڵ خالیــد ئەلعوبێدی کە سەرکردەیەکەی تازەی سوننەکانە لە موسڵ و پێشتر وەزیری بەرگری بووە.[56]



خەمیس خەنجەر



محمەد حەلبووسی و لەتیف ڕەشید

دوای ئەمانە هەردوو بازرگانی دەوڵەمەند خەمیس خەنجەر و محمد حەلبووسی دەرکەوتن و بەم دواییانە هێزی خۆیان لە هاوپەمانێتی سەرووەریدا (التحالف السیادة) یەکخست، بەڵام ململانێی بەهێزیان لەسەر هێز و پارە ئەوەندە توند بوو کە وای کرد تورکیا ببێتە ناوبژیوانیان.[57] ئەو دەرکەوتنە بەرچاوەی حەلبووسی کە هێشتا لە سەرەتای چلەکانی تەمەنیدایە، زیاتر جەخت لە کورتبوونەوەی سیاسەتی عێراق لە بنەماڵە و کەسەکاندا دەکات. حەلبووسی هیچ ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراوی نییە و هیچی دژایەتیەکی خۆشی بۆ بەعسیبوون پیشان نەداوە، خەنجەریش پێش ئەوەی بێتە ناو سیاسەتەوە، بازرگان و شێخی خێڵێک بوو. دەرکەوتنی خەنجەر و حەلبووسی چەقەهێزی سوونەکانی برد بەرەو ئەنبار کە لانکەی هەردوو سەرکردەکەیە. لێرەدا کات ئەو پرسیارە یەکلایی دەکاتەوە کە ئایا ئەم دووانە دەتوانن بەرگە بگرن، بەتایبەت لە دۆخێکدا کە هیچکام لەو سەردانە میلیشیای چەکداریان نییە و بەشێوەیەکی سەرەکی پشتیان بە هەڵبژاردن و هاوپەیمانێتی لەگەڵ کورد و شیعەدا بەستووە.[58]

یەکێکی دیکە لە نیشانەکانی دەرچوونی سوننەکان لەو ئایدۆلۆژیای پێشوویان، ناونانی حیزبەکانیانە؛ وازهێنانی سوننەکان لە ناوی وەک پرۆژەی عەرەبی و حیزبی ئیسلامی کە ئەو ناوانە پاشماوەی سەردەمانێکە کە تێیدا وەک بەشێک لە کۆمەڵەیەکی گەورەتر خۆیان دەبینی جا کۆمەڵەکە ئایینی بووبێت یان نەتەوەیی. ئێستا سوننەکان ناوە زۆر گەورەکان کەمتر بەکار دەهێنن و ناوی وەک پێشکەوتن و چارەسەر و سەروەری، یان بەسادەیی ناوی پارێزگاکان بەکار دەهێنن. ئەمڕۆ دووبارە لە عێراق سەرنج چووەتەوە سەر کەسایەتییەکان و ئێستا چاودێرەکانی کاروباری عێراقیش زیاتر

بەدوای کەسایەتییەکانی وەک سەدر و مالیکیەوەن، وەک لەوەی سەرقاڵی گۆڕانی بەردەوامی ناوی ئەو میلیشا و حیزبانە (و نازناوەکانیان) بن کە سەر بەوانن.

**پێودانگی ستراتیژی ئەمریکی و سیاسەتی عێراقی**

بۆ دیاریکردنی کیشەکانی عێراقێکی ناسەقامگیر و بەردەوام گۆڕاو، پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سەرانی تری جیهان، لە جوڵەی لایەنە ناوخۆیەکان و کەسایەتییە سەرەکییەکان، لە ناوچەکانی عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان تێبگەن. لە وڵاتێکی ئاڵۆزی پڕ لە ئاین و نەتەوەی جیاواز، گۆڕانی سیاسەتی نەریتی بۆ سیاسەتێک کە لە سەر کەسایەتیەکان وەستاوە، کاریگەری جدی دادەنێت لە سەر دیموکراسی و بەڕێوبردن و سەقامگیری و مامەڵە لەگەڵ وڵاتانی تردا. تیگەیشتن لەم گۆڕانە و زانینی ئەوەی کە لەگەڵ کام لە یاریکەرەکانە گفتوگۆ بکرێت ،دەتوانێت یارمەتی واشنتۆن بدات بۆ دارشتنەوەی ڕێگەیەکی کاریگەرتر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ عێراق.

**ستراتیژی ویلایەتیە یەکگرتووەکان**

لە دوو دەیەی ڕابردوودا ویلایەتە یەکگرتووەکان سەروەتی ماڵی و گیانی بۆ بەدیموکراسیکردن و سەقامگیرکردنی عێراق خەرج کردووە، بەڵام بەهۆی چەندین هۆکارەوە، هەموو ئیدارەکانی ئەم دواییانەی ئەمریکا، بە ئیدارەی بایدنیشەوە، ئامانجی مامناوەندی وەک دووبارە ڕێکخستنەوەی قەبارە و ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی دوولایەنەیان هەبووە. لەکاتێکدا کە بوونی سوپا و کاریگەریی سیاسیی ئەمریکا لە عێراقدا کەم بووەتەوە، دەبێت واشنتۆن ئاگای لە گۆڕانی حیزبە سیاسییە مەزهەبی-نەتەوەییەکان بێت بۆ حیزبی

سیاسی کەسی کە ئەمە وای کردووە حکومڕانی عێراق زیاتر بەرەو پێشبینینەکراوی و ناعەقڵانیبوون و ناڕوونی ببات.

لە ڕابردوودا کاتێک بەرپرسانی واشنتۆن دەهاتنە عێراق، چاویان بە بەرپرسی حیزبەکان دەکەوت. ئەمڕۆ لە هەوڵەکانیان بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ عێراق، پێویستە واشنتۆن ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ بەرپرسە حکومییەکاندا بکەن، لەکاتێکدا ئێستا ئەو دیپلۆماتکارانەی کە لە کونسوڵەکانی بەغداد و هەولێرەوە دێن، لەگەڵ چەندین کەسایەتی جیاوازدا مامەڵە دەکەن. بەپێی وتەی جۆی هود کە بەرپرسی پێشووی کاروباری ئەمریکا بووە لە عێراق و ئێستاش کۆنسوڵی ئەمریکایە لە تونس. ئەمڕۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان کار و گفتوگۆی بەردەوام لەگەڵ ئەو کەسایەتیانەدا دەکات کە لە بەرژەوەندی وڵاتەکە کار دەکەن، نەک ئەو کەسانەی کە لە بەرژەوەندی وڵاتانی دەرەوە و خۆیان کار دەکەن.[59] بەڵام هەتا ئێستا ئێران گەورە پیاوانی سوپا بۆلای سەرۆکی حیزبەکان دەنێرێت. بەپێچەوانەی ڕای گشتی خەڵکی عێراقەوە، زۆربەی سەرکردە عێراقییەکان دیدی ئێرانیان بەدڵە کە ئەویش پاڵپشتیکردن و داننانە بە "هێزی ڕاستەقینە"، نەک هێزی ڕەسمی دەوڵەت.[60] لێرەدا پێویستە دیدە ئەمریکییەکە زیاتر پاڵپشتی لە شەرعیەتی حکومەتی عێراق بکات و لە پێناوی ئەم ئامانجەشدا هەماهەنگی خۆی نیشان بدات و حسابی تایبەتی بۆ دۆستە کۆنەکانی نەکات.[61]

چاودێرانی کاروباری عێراقیش دەبێت لەم باسەدا ڕۆڵیان هەبێت و ئاگایان لەوەش بێت کە ئەم دیدە کاریگەری لەسەر دۆخی سەقامگیری و دیموکراسی و ئابووریی عێراق دەبێت، هەروەها دەبێت بەتایبەتی ئاگایان لە شیکاری بۆ شێواز و تایبەتمەندیی هێزە

سیاسییەکان هەبێت و بزانن کە ئەم کارانە چ کاریگەرییەکی لەسەر ململانێکان دەبێت. یەکێک لەو بوارانەی کە دەکرێت زیاتر لێی بکۆڵرێتەوە ئەو کەلێنەی نێوان سەرکردەکان و جەماوەرەکەیانە کە بەردەوام لە گەورەبووندایە و وای کردووە بەرپرسیارێتیی دەستەبژێری سیاسی کەم ببێتەوە، لەکاتێکدا سەرکردەکان پێیان وایە خۆیان هۆکاری هەموو سەرکەوتنەکانن. هەر بەم شێوەیەیە کە سەرکردە سیاسییەکانی عێراق لە گفتوگۆی گشتیی سیاسی دوور دەکەونەوە و وتاری توند و ئاشکرا دژی ڕکابەرەکانیان دەدەن. ئەوان لەگەڵ سەرکردە سیاسییەکانی لوبنان لە یەک شتدا لەیەک دەچن، ئەویش خۆلادانە لە هەر کارێک کە دەوڵەت و دەزگاکانی و سەروەری یاسا بەهێز بکات.

کاتێک سیستەمێکی کەسیی بەهێز، بەرگی حکومەتێکی مۆدێرنە لەبەر دەکات و بیرۆکراسی و پەرلەمان و سوپای نیشتیمانی دەبێت، ئەوە لەڕاستیدا هەوڵ دەدات دامەزراوە مۆدێرنەکان لەناو ببات و حکومەت بخاتەوە خزمەتی بەرژەوەندییە تەسکەکانی خۆی، نەک بەرژەوەندی گشتی بوێت. ئەمەش تەواو دژە بەو ئامانجانەی کە ئەمریکا هەیەتی. سەرباری ئەوە هەرچەندە ئەمڕۆ عێراق هێندەی سیستەمێکی دیکتاتۆری خراپ نییە، بەڵام ڕێگە بە تالانکردنی سیستەماتیکی دەوڵەت و تێکدانی تەواوەتی دامودەزگاکانی دەدرێت. یەکێک لە نوونە زۆر دیارەکان "دزیی سەدەیە،" دزییەکی گەورەی پلانبۆدارێژراو بوو کە لەماوەی چەندین مانگدا کرا و ٢.٧ ملیار دۆلاری لە داهاتی باج[63] و بودجەی ماوەی حەشدی شەعبی و بەشێک لە بودجەی تەندروستی دانراو بۆ کۆرۆنای تێدا دزرا.[64] هاوینی ساڵی ٢٠٢١ حکومەت بەم دزییەی زانی و ساڵی دواتر بۆ ڕای گشتی ئاشکرا کرا. سەرباری ئەمانەش

دووکەڵی ئاژاوەش وای کردووە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بەردەوام بێت و بکەرەکانیشیان بەبێ سزا بۆی دەربچن. سسیتەمێکی لەم جۆرە هەر لە زگماکەوە شکستخواردووە و ساڵی ٢٠١٤ عێراقییەکان لە کاتی دەستبەسەراگردنی سێیەکی عێراق لەلایەن داعشەوە، ئەمەیان بەڕوونی بینی.

بۆئەوەی وەستاندنی ئەو خوێنەی لە دامەزراوەکانی عێراق دەچۆڕێت، چاودێریکردن و وەبەرهێنانێکی گەورە پێویستە. لە هەوڵێکی لەو شێوەیەدا بەرهەم ساڵحی سەرۆککۆماری پێشووی عێراق، دوای هەمووارکردنەوەی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی کرد، ئەمەش بەهۆی ئەو دۆخە شڵەژاوەی حکومڕانییە لەوازەکەی دوای سەدامدا بوو کە وای کردووە نەتوانرێت هیچ سەرکردە و کۆمەڵەیەک تاوانبار بکرێت.[65] بەڵگەکان بۆ ئەم کارە چەندە بەهێز بووبێت، دۆخەکە ئەوەیە کە نزیکەی دوو دەیەیە دەستوور هیچ گۆڕانکارییەکی تێدا نەکراوە. لێرەدا جێگرەوەیەکی کردەیی بۆ ئەم هەنگاوە شڵەقێنەرە، یان دەسپێکێک بۆ ئەم کارە ئەوەیە کە دەستوور بەئەمانەتەوە و وەک خۆی جێبەجێ بکرێت. بەتایبەتیش دەبێت هەندێک یاسا دەربچێت وەک یاسای هایدرۆکاربۆن و هەندێک دەزگاش دابمەزرێنرێت وەک دادگایەکی باڵای فیدراڵی باش[66]، هەروەها هەندێک یەکەی کۆمەڵایەتی-کولتووری دیکەش پێویستن، وەک پشتیوانیکردنی دەوڵەت لە ئابووریی بازاڕ، سەرەڕای ئەوەی ئەو ئابوورییە کرێخۆرەکەی ئێستا و ڕای گشتی، هەر چاوڕوانیەکانیان لە سۆشیالیزمی دەورانی سەدامدا ماوەتەوە.

لەلایەکی دیکەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان، دوای سی ساڵ لە خۆبەڕێوەبردن شکستی هێناوە لەوەی کە دەستوورێکی هەبێت،

ئەمەش وای کـــــــــردووە کە دامەزراوە ســــــــەرەکییەکانی وەک سەرۆکایەتیەکانی هەرێم، زۆر بەئاسانی لە خزمەتی بەرژەوەندی و ویستی کەسیدا بەکار بهێنرێن. بۆ نمونە لەکاتێکدا مەسعود بەرزانی بە دەنگی ڕاستەوخۆی خەڵک هەڵبژێردرا، کەچی نێچیرەڤان بەرزانی کە سەرۆکی پاش ئەوە، لە پەڕلەمان هەڵبژێردرا و دەسەڵاتەکانیشی کەم کرایەوە. لەکاتێکدا پەڕلەمانی کوردستان لە ڕابردوودا ڕێزی لەو پارتە جیاوازانە دەگرت کە نوێنەری خۆیان ناردبوو، بەڵام ئەمڕۆ دوو بنەماڵە حکومڕانەکەی هەرێم شانۆییەکەی بەڕێوە دەبەن و تەنها کەسانی نزیک و دڵسۆز بە خۆیان دەنێرن. هەروەها سەرەڕای ئەوەی کە هەردوو پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لای بنەماڵەی بەرزانییە، بەڵام ئەوە ڕەت دەکەنەوە کە پێشمەرگەکانی پارتی بچنەوە ژێر کۆنترۆڵی حکومەت. هەروەها سەرەڕای مەترسییەکانی داعش و هەڕەشەی بڕینی ئەو هاوکارییانەی کە لەلایەن ئەمریکاوە پێیان دەدرێت، بەڵام هێشتا پێشمەرگە وەک هێزێکی نانیشتیمانی ماوەتەوە کە ناچێتە ژێر ڕکێفی حکومەتەوە.[67] لەو دۆخەشدا ئەوەی پێی دەگوترێت کەسایەتییە خاوەن پێگەکان لەناو بۆشایی لاوازبوونی حیزبەکاندا، بەهێزتر بوون. بەم شێوەیە حکومەتی هەرێم لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەغدادا شکستی خواردووە، لەکاتێکدا پێشتر لەبەردەم وڵاتانی ڕۆژئاوا شانازی بە کارەکانییەوە دەکرد. لەگەڵ پاشەکشەکردنی حیزبەکاندا دەبێت واشنتۆن بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو فەرماندە ئەمنی و سەربازییانەدا بکات کە وەک جەنگاوەرێکی شەڕانیی سەربەخۆ کار دەکەن.

لەم نێوەندەدا واشنتۆن زۆرجار بەر کۆمەڵێک دەستی ناپاک کەوتووە، وەک ئەوەی کاتێک واشنتۆن سەرمایەیەکی زۆری

سیاســـی خـــۆی لە عێراقـــدا خەرج دەکـــات و پشـــتیوانی لە سەرۆکوەزیرانە یەکلەدوای یەکەکانی عێراق دەکات، کەچی دەبینێت چەقـــی دەســـەڵات وردەوردە بەرەو شـــوێنی دیـــکە دەڕوات. بەرپرسیاریێتی سـەرۆکوەزریران لە سـەردەمی عـادل عەبدولمەهـدی (٢٠١٨–٢٠٢٠) و مسـتەفا کازمیـدا (٢٠٢٠–٢٠٢٢) گەیشـتە کەمتـرین ئاست. ئەوان دوو کاندیدی سەربەخۆ بوون کە حیزبیکیان نەبوو لە پەڕلەمان کورسی هەبێت، بەڵام لەجیاتی ئەوەی بەپێی ئەو پەیمـانی سەربەخۆییەیان بجووڵێنەوە، سمێڵی هەمووانیان چەور کرد. سـاڵی ٢٠١٩ عەبدولمەهـدی بەرامـبەر بە کوشـتنی هەزاران خۆپیشـاندەر دەستەوسـتان بـوو، کـازمیش ڕێگەی دا بەوەی بـودجەی حەشـدی شـەعبی زیـاد بکرێـت. کاتێـک دەوڵەت شـەرعیەتی خـۆی لەدەسـت دەدات، هێـزی خێـڵ و کەسـایەتییە ناڕوونەکـان گەشـە دەکـات. ئەم گۆڕانکارییـانە پێویسـتی بەوەیە کە واشـنتۆن چـاوی خـۆی لەسـەر یاریکەرەکان لابەرێت و تەماشای یارییەکە بکات. پێویستە واشـنتۆن داوای جـدی لە تەواوی سیســـتەمەکە هەبێــت و بەتەنهــا چــاوی بەوردی لەسـەر ئەو هێـزانە بێـت کە لەپشـت سـەرۆکوەزیرانەوەن، وەک حکـــومەت و پەڕلەمـــان و ســـەرۆککۆمار و میلیشـــیاکان و حکـــومەتی هەرێمـــی کوردســـتان، پاشـــان بازرگـــان و کـــۆمەڵە قازانجنەویستەکانیش. پێویسـتە واشـنتۆن زۆر بەزیرەکی سیاسـەتی خۆی لەسەر بنەمای کار و دەرەنجامەکان دابڕێژێتەوە نەک بەڵێن و ئومێدی سەرکردەیەک.

واشـــتن لەکـــاتی مـــامەڵەکردن لەگەڵ وڵاتێکـــدا کە بەهێزتـــرین کەسایەتییەکانی لە دەرەوەی دەسەلاتی فەرمیدا بجـوڵێنەوە، تووشـی کێشـە و دووڕیـانی جۆراوجۆر دەبێتەوە، بۆیە لەم کـاتەدا پێویسـتە هێڵێکی گونجاو لەنێوان دروسـتکردنی سیسـتەمێک لەسـەر کۆمەڵێک

بنەمـــای دیموکراســـییانە و داننـــان بە کەســـە خـــاوەن هێزەکانـــدا بـــدۆزێتەوە. هەمیشـــە کـــارێکی بـــاش دەبێـــت ئەگەر "جـــوڵێنەری داشـــەکان" پێگەیەکـــی ڕەســـمی هەبێـت و پابەنـد بێـت بە بنەمـا و یاســـاکان. بەهەمـــان شـــێوەی پێویســـتە ســـەرکردەکانی ئەمریکـــا تێڕوانینی خۆیان بە قسـە و کردەوە نیشـان بدەن و گەیشـتن بەوان تەنها لە ڕێگەی پێگە فەرمییەکانەوە بێت. لەبواری کرداریشـدا، جگە لە دەزگا دیپلۆماتییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە عێراق، دەبێت کۆبوونەوەکانی واشـنتۆن تەنها لەگەڵ هەولێر و بەغدادا مامەڵەی نێوان حکومەت-حکومەت بێت. ئەم ڕێگەیە پاڵپشـتی لە گەیشـتن بە بەرپرسیارێتییەکی دیموکراسیانە دەدات. ئێسـتا بەرپرسـانی ئەمریکا لە مامەڵەکردنیـان لەگەڵ بەغـدادا زیـاتر پەیـڕەوی لەم شـێوازی مـامەڵەیە دەکەن وەک لە هەولێـر. بـۆ نمـونە مەسـعود بەرزانـی سـەرۆکی حکـومەتی کوردسـتان بێـت یـان نـا، کـاروانی گەشـتی بەرپرسـانی ئەمریکـا بەرەو دەرەوەی هەولێـر دەبـات. بەردەوام بـۆ پشاندانی گرنگی پێگەکەیان لە کەشێکی سیاسی بەردەوام گۆڕاودا، کەســـایەتییە خـــاوەن هێزەکـــان زۆر پەرۆشـــن بـــۆ کۆبـــوونەوەی ڕاســـــتەوخۆ لەگەڵ ئەمریکـــــا. هەنـــــدێکجار ئەمەش شـــــتی شـەرمەزارکەری لـێ دەکەوێـتەوە، وەک ئەوەی کاتێـک فەرمانـدەی میلیشیای مەسیحییەکان ڕەیان کلدانی وێنەیەکی زۆری لەگەڵ پاپادا گـرت و دواتـریش بانگەشـەی ئەوەی دەکـرد کە دانیشـتنی تـایبەتیی لەگەڵـدا کـردووە.[68] چـاوپێکەوتن لەگەڵ هەر بەرپرسـێکی هەرێـم و بەغـداد لە کۆشـکی سـپیدا، دیـارییەکی تەواو بەنـرخە و پێویسـتە واشنتۆن ئەم هەلە زۆر بە ستراتیژیانە ببەخشێت.

بەهەمـــان شـــێوە دەبێـــت واشـــنتۆن گۆچانەکەشـــی بەشـــێوەیەکی ســـتراتیژی بەکـــار بهێنێـت و ئاگـــای لەوە بێـت کە بە ئامـــانجگرتنی

کەسەکان کێشەی زیاتر دروست دەکات، وەک لە ڕەخنەگرتن لە حیزب و دەزگاکانی حکومەت. لەکاتێکدا ڕەنگە فەرماندەی هەندێک لە میلیشیاکان زۆر گوێ بە سزادانیان بە یاسای ماگنیسکی نەدەن، بەڵام زۆربەی سیاسییەکان ئەوە دەزانن کە دانانیان لە لیستی گەندەڵی ئەمریکادا، دەبێتە هۆی مانەوەیان لە دەرەوەی پێگە فەرمییەکان و بێبەشیان دەکات لە کۆمەڵێک دەستکەوتی گەورە. پاشان دەکرێت سزا و گەڕان بەدوای ئەو شتانەی کە دزراون، تەماعی سیاسی جەنگاوەر و پارەسپیکەرەوەکان و ئەو سیاسییە تاڵانکارانەی عێراق کەم بکاتەوە کە دەزگاکانی حکومەتیان ئیفلیج کردووە. لە یەکێک لە نمونە زۆر بەرچاوەکاندا دەردەکەوتووە کە محمد حەلبوسی لەساڵێکدا بڕی ٦٠٠ هەزار دۆلاری لە ناوەندێکی لۆبیدا خەرج کردووە بۆئەوەی خەمیس خەنجەری هاوکاری لە سزای ویلایەتە یەکگرتووەکان بپارێزێت.[69] بەڵام لە زۆر کاتدا ترس لە سزادان زۆر لە بەکارهێنانی سزاکە کاریگەرترە. بەشێوەیەکی گشتی لەم دۆخەی ئێستادا ناکرێت ویلایەتە یەکگرتووەکان چاوەڕێی ئەوە بێت باری لاری عێراق بەتەواوەتی بگۆڕێت، بەڵکو دەبێت لەڕێگەی بەهێزکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت و دیاریکردنی کەسایەتییە خراپەکان، ئەو بۆشاییە کەم بکاتەوە کە نێوان هێزەکانی دیکە و هێزی حکومەتدا هەیە.

**سیاسەتی نیشتیمانی عێراق**

کاتێک پارتە سیاسییەکان دەبن بە کۆمپانیاییەکی کەرتی تایبەت، ئەندامبوون لەو حیزبانەدا دەبێت بە بەشداربوون لە خێزانێکی بازرگانیدا، بۆیە لەو کاتەدا هیچ ئایدۆلۆجیا و بیروەباوەڕ و بەرژەوەندییەکی گشتی ئەو کەسانە کۆ ناکاتەوە و هەموو ئامانجی ئەو دامەزراوەیە دەبێت بە بەدەستهێنانی کریَ و دەستگەیشتن بە موچەیەک لە کەرتی گشتیدا، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە کە دەبێت کێ دەسەڵاتدار بێت. ئەم شێوازە مانای سیاسەت و بەربژێریش دەگۆڕێت و بەشێوەیەکی بەرچاو بەشداریکردن و نوێنەرایەتیکردن و فەزای گشتی کەم دەکاتەوە. سیستەمی سیاسی لە عێراق لەم ئاستانەدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک بەربەست بووەتەوە.

**پارە و بەشداریی سیاسی**: لەم مۆدێلەدا کە لە عێراقدا دروست بووە، پارتە سیاسییەکان بۆ مانەوەیان پێویستیان بە پارەیەکی زۆر هەیە کە ئەمەش وای کردووە دەوڵەت و حیزب پشت بەیەکتر ببەستن. ئەم سودگۆڕکێیە وای کردووە لە هەرێمی کوردستان و بەغدادیش بەردەوام کادری حیزبەکان لەناو حکومەتدا زیاد ببن، تەنانەت ئەگەر هیچ حەز و لێهاتووییەکیان بۆ دانانی سیاسەتی دامەزراوەکان و حکومداری تێدا نەبێت، چجای ئەوەی بتوانن ڕفۆرم و نوێگەری لە سیستەمدا بکەن. زۆرجار ئەو کەسایەتییە سیاسییانە هێچ پاڵنەر و بیروباوەڕ و ئازایەتی و پێگەیەکی وایان نییە،[70] ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی پەیوەندییەکی ڕۆمانسی و خەیاڵی لەنێوان سەرکردەکان و دەنگدەرانیاندا دروست ببێت.

**پارچەپارچەبوون:** دوو نموونەی بەرچاو بۆ پارچەپارچەبوون لە سیاسەتی عێراقدا هەن، یەکەم نموونە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانە لە ساڵی ٢٠١٧ و دووەمیش ئەو ناجێگیرییەیە کە بڕیارەکانی موقتەدا سەدر دروستی کرد. ئەم دوو نموونەیە دەسەڵاتی باڵای کەسایەتییەکان بەسەر دەزگا حکومیەکاندا دەسەلمێنێت. لە ڕیفراندۆمدا، بانگەشەی سەربەخۆیی لەلای مەسعود بەرزانی، زیاتر گەڕان بوو بەدوای بەیاساییکردنی دەسەڵاتی خۆی، هەروەها ململانێی توندی سەدریش لەگەڵ نوری مالیکیی سەرۆکوەزیرانی پێشوو، هەوای لە سیاسەتکردن بڕی و بەشداری دیموکراسییانەی نەهێشت و ئەگەری توندوتیژیشی لەکاتی ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتدا بەرزتر کردەوە.[71]

**ویستی دەسەڵاتداریتی بەسەر ڕێککەوتنی گشتی:** ئەمڕۆ بۆ دانانی کەسێک لە هەموو پۆستە گەورەکانی وەک، سەرۆککۆمار و سەرۆکوەزیران و وەزیرەکان، پەیوەندی کەسیی/بنەماڵەیی سەرەکیترین کارە. ڕەنگە چیتر کەس لە بنەماڵەی تاڵەبانی نەبێتە سەرۆککۆمار، بەڵام دەبینین ڕۆڵیان لە دیاریکردنی ئەو پۆستەدا یەکلاکەرەوەیە، وەک چۆن لە ململانێی نێوان لەتیف ڕەشید و بەرهەم ساڵحدا ئەمەمان بینی. وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، تەنها کاندیدکردنی لەلایەن یەکێتی نیشتیمانییەوە بەس نەبوو بۆ ئەوەی کە بەرهەم ساڵح لە لەتیف ڕەشید بباتەوە، چونکە ڕەشید سەرەڕای سوودوەرگرتنی لە کۆمەڵێک شتی دیکە، پاڵپشتی بنەماڵەیی هەبوو.

**خراپبەکارهێنانی فەزای گشتی:** سروشتی کەسیی/بنەماڵەیی هەستێکی داوە بە سەرکردەکان کە مافی ئەوەیان هەیە دەسەڵاتیان

بەسەر فەزای گشتی و کولتووری و ئابووری-کۆمەڵایەتیدا هەبێت. لە ئەمڕۆی عێراقدا کەسایەتییە خاوەن دەسەڵاتەکان هیچ سڵ ناکەنەوە لەوەی کە موڵکی گشتی داگیر بکەن، یان بۆ بەرژەوەندی خۆیان کاری تێکدەرانەش بکەن[72]، تەنانەت ئامادەن داوای یارمەتی لە دەسەڵاتێکی دیکەی دەرەوەش بکەن.

**فەزایەکی میدیایی داخراو**: لە عێراق میدیا ئامرازێکە بۆ جوانکردنی پێگەی کەسایەتییە خاوەنپێگەکان، دەتوانین بڵێین لە عێراق میدیای بێلایەن و بابەتی تاڕاددەیەکی زۆر بوونی نییە و زۆربەی ئەوانەی دەیانەوێت ببن بە ڕۆژنامەنووس دەبێت بۆ میدیای کەسایەتییەک یان بنەماڵەیەک کار بکەن. میدیاکارە شارەزاکان، لە فەیسبووک و ئێکس (تویتەی پێشوو) و تۆڕەکانی دیکەدا، لەجیاتی ئەوەی ڕاپۆرتێکی ورد و ڕاست ئامادە بکەن، مەرایی بۆ سیاسییەکان دەکەن. لایککردن و ڕیتویتکردنی پۆستی سەرکردەکان لەلایەن شوێنکەوتەکانیانەوە، نیشانەی وەفاداریی تەواویانە بۆ سەرکردەکان. ئەو کەسانەش کە دەکەونە دەرەوەی ئەم هێڵە، بەهۆی پشتیوانینەکردن و نەپاراستنیانەوە، زوو دادەمرکێنەوە. بەڵام بەرنامەیەکی تەنزئامێزی وەک "بەشیر شۆو" لەبەرئەوەی لەدەرەوەی عێراقە، دەتوانێت نوکتە لەسەر هەموو سیاسییەکان بکات و بیانکاتە گاڵتەجاڕ.[73]

لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە سەرۆکی ئێستای هەرێمی کوردستان، نێچیرەڤان بەرزانی، خاوەنی تۆڕی میدیایی ڕووداوە کە هەندێکجار ڕوومالێکی ڕاستەقینەی ڕووداوەکان دەکات، ئەمە بە پێچەوانەی میدیای (K24) کە خاوەنەکەی مەسرور بەرزانی

ڕکابەری بنەماڵەیی نێچیرەڤانە. ململانێکانی ناو بنەماڵەی بەرزانی ئەوەندە بەهێزە کە مەسعود بەرزانی باوک و سەرۆکی پێشوو، هەوڵیدا تۆڕی میدیایی ڕووداو دابخات و لە ئەندامانی پارتی دیموکراتی قەدەغە کرد کە لەو میدیایەوە دەربکەون.

هەموو ئەم شتانە لە کۆمەڵگەیەکدا ڕوو دەدەن کە زۆرترین وشە تێیدا دووبارە دەکرێتەوە بریتییە لە شەهیدبوون (استشهاد)، ئەم وشەیە خۆی لەخۆیدا خۆنەویستییەکی زۆری هەڵگرتووە، بەڵام لەڕووی کردەییەوە وەک ناسنامەیەکی جیاکەرەوە بۆ فەزڵی شەهیدێک بەسەر ئەوانی دیکەدا بەکار دەهێنرێت، وەک ئەوەی لە کوشتنی ئەبو مەهدی موهەندیسی سەرکردەی کەتیبەکانی حیزبوڵا، لە هێرشێکی هێزەکانی ئەمریکا لەساڵی ٢٠٢٠، ڕوویدا. هەروەها جار نییە سەدر قوربانیی بنەماڵەکەی بەبیر جەماوەرەکەی نەهێنێتەوە، لەهەمان کاتیشدا میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، ئەبو مەهدی موهەندیس و قاسم سلێمانی فەرماندەی سوپای قودسی ئێرانیان کردووە بە سیمبوڵی "مقاومە" کە لە هەمان هێرشدا کوژران.

**سیاسەتی هەرێمی**

ئەمڕۆ نوخبەی عێراق پێیان وایە بۆ مانەوەیان پێویستیان بە پشتیوانییەکی دەرەکی هەیە، ئەم کارەش بووەتە هۆی ئەوەی عێراق لەناوەوە لاواز بێت و سەروەریی نەمێنێت.[74] عێراقێکی ناسەقامگیر، ناسەقامگیری ناوچەکانی دیکەی دەوروبەری بەدواوە دەبێت. لێرەدا هەندێک نمونەی ئەو دەستێوەردانە دەرەکییانە باس دەکەین:

**ئێران:** ئەو هێزەی لە هەمووان زیاتر دەست وەردەداتە کاروباری عێـراق، ئێـرانە، زۆریـنەی شـیعەکانیش کۆمـاری ئیسـلامی وەک پاڵپشـت و پـارێزەری خۆیـان تەماشـا دەکەن. زۆرجـار میلیشـیاکان بەئاشـکرا ئامـاژە بـۆ هاوپەیمانێتیـان لەگەڵ ئێرانـدا دەکەن. پـێش هەڵبژاردنەکـانی سـاڵی ٢٠١٨ و لەکـاتی پێکهێنـانی حکـومەتی ئەو کاتەدا، میلیشـیاکان داوای پاڵپشـتیان لە قاسـم سلێمانی سـەرکردەی فەیلەقی قودس دەکرد، تا دڵنیایان بکاتەوە لەوەی کە بتـوانن زۆرینـە بەدەسـت بهێنن و هەڵبژاردنەکـان ببەنەوە. ئێسـتا ئیسـماعیل قائـانی جێگـــرەوەی، هێنـــدەی ســـلێمانی کاریزمـــایی و توانـــای بەســـتنی پەیوەنـدیی کەسـیی نیـیە و ئەوەنـدەش مێـژووی کـارکردنی لەگەڵ سـەرکردە و میلیشـیاکاندا نییە، تەنـانەت ناتوانێت بە عەرەبـی قسـە بکـــات. لەهەمـــان کاتـــدا تـــاران تەواو نـــیگەرانە لەوەی کە ئەلینـــا ڕۆمانۆڤسـکی کونسـڵی ویـلایەتە یەکگرتووەکـان لە بەغـداد، هێمنـی پـێش گەردەلـوولی [واتە پـێش ئەوەی هێرشـێکی چـاوەڕوان نەکـراو بـکەن، لەگەڵیانـدا کۆبـووەوە] لەکـاتی سـەردانکردنی سـەرکردە سیاسـییەکانی وەک مـالیکی و حەکیمـدا پەیـڕەو کـرد. لەکاتێکـدا لە خۆپیشاندانەکانی دژ بەگەندەڵی لە تیشـرینی یەکەمـی سـاڵی ٢٠١٩دا، خۆپیشاندەران بەخێرایی چاویـان خسـتە سـەر ئێـران [و بەو هـۆیەوە هەنـــدێک سیاســـەتمەداری ســـەر بەئێـــران ســـزادران]، بەڵام لە هەڵبژاردنەکـــانی ٢٠٢١دا هەنـــدێک لەوانە گەڕێنـــدرانەوە بـــۆ نـــاو دەســـەڵات. ئەمـــڕۆ ئێرانێـــک کە خـــۆی ســـەقامگیرییەکی تێـــدایە، بەردەوامە لە دەســـتێوەردان، بەڵام بـــۆئەوەی کـــاردانەوەی تونـــد بەرامبەری نەنوێنرێت، کارەکانی بەشێوەیەکی نهێنی دەکات.[75]

## تورکیا و پاشاکانی کەنداوی عەرەبی

بـــۆ ڕووبەڕووبـــوونەوەی هەژمـــوونی شـــیعەکان، هەنـــدێک لە سیاسـییەکانی نـاو کـورد و سـوننە، بەدوای پشـتیوانی تورکیـا و پاشاکانی کەنداودا دەگەڕێن و زۆرجار ئەو بۆ پشتیوانی ماددی یان بـۆ وێنەگـرتن لەگەڵ سیاسـییەکانیان، دەچنە پایتەختەکـانی دەرەوە. بەرزانییەکــان چارەنووســی خۆیــان بەســتووەتەوە بە تورکیــاوە، دۆســییەی هەنــاردەکردنی نەوتــی کوردســتانیان دا بە تورکیــا و ڕێگەیان خۆش کرد بۆ ئەوەی فشـار بخـاتە سـەر پـارتی کرێکـارانی کوردســتان (PKK) کە ڕکــابەرێکی پــارتییە و لەلایەن ئەنــکەرە و واشــنتۆنەوە خــراوەتە لیســتی تیــرۆرەوە. لەلایەکــی دیــکەوە لە جـــوڵەیەکی هاوســـەنگکەرەوەدا، بنەمـــاڵەی تاڵەبـــانی لە ئێـــران و هاوپەیمانە عێراقیەکانییەوە نزیکن. یەکێک لەو هاوپەیمانانەی ئێران کە زۆر جێگەی سەروسووڕمانە، ڕەیان کلدانی فەرماندەی میلیشیا مەسیحیەکانە کە بنکەیان لە شاری موسڵە.

## دەوڵەت و سەقامگیری

ئامـانجێکی گونجـاو لەنـاو ئەو تـۆڕە ئاڵۆسـکاوەی بەرژەوەنـدی و گـروپە جیاوازەکـان، کۆمەڵێـک دەزگـایە کە عەقڵیەتـی وەفـاداری بـۆ بنەمـاڵە تێپەڕێنن، بەڵام ئەو جـۆرە لە دەزگـا، بـۆ نمـونە سـوپایەکی فەرمـــی ســـەر بە دەوڵەت، لەم کەشـــە سیاســـییەی ئێســـتادا، ڕووبەڕووی بەرهەڵسـتی زۆر تونـد دەبێـتەوە. لە دۆخەدا لەجیـاتی ئەوەی گروپەکـان هەوڵ بـۆ ئەوە بـدەن کە دەزگـایەکی بیرۆکراتـی مـۆدێرن دروسـت بکەن کە بنەماکەی یاسـا بێت، حیزبە کەسـیی و بنەماڵەییەکان هەوڵ بۆ ئەوە دەدەن کە کۆمەڵێک تـۆڕی نـافەرمی و

بەرژەوەنـــدیخوازی دروســـت بـــکەن کە زامنـــی دەستگەیشـــتن بە سەرچاوەکان بۆ شوێنکەوتە و گروپەکەیان دابین بکات.
تۆڕە نافەرمییەکـای نـاو عێـراق نـوێ نـین، ئەوان لە سیسـتەمێکەوە سەریان دەرهێناوە کە لەسـەر بنەمـای واسـتە (بەڕێکردنـی کارەکـان لەڕێـگەی پەیوەنـدی کەسـییەوە) دروسـت بـووە. ئەوان بەتەواوەتـی چوونەتە ناو حکومەت و دەزگا ئەمنییەکـان و هەمـوو کۆمەڵگەوە و وایــان کـردووە پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆ لەنێـوان خەڵـک و دەوڵەتـدا سنووردار بێت. لێرەدا سـەرەڕای ئەوەی ئەم شـتانە زۆر لەلای ڕای گشتی ئاشکرایە، بەڵام تائێستا کەمترین دژوەستانەوە بۆ ئەم بـابەتە هەیە.

ئەو سیاســەتەی عێـراق کە لەســەر بنەمــای کــاری کەســایەتی و بنەماڵەکانە، دژیەکیەکـی زۆری تێدایە، بـۆ نمـونە لەکاتێکدا کە کـاری ئەوان دەبێــتە هــۆی لەنــاوبردنی دامەزراوەکــان، بەڵام ســەرکردە دیارەکـــان، بـــۆ ڕێکخســـتنی کـــاری خۆیـــان و کەمکـــردنەوەی پێکـدادانەکان پشـت بە دەوڵەت دەبەسـتن. ئەوە تەواو سـەلماوە کە کۆدەنگی سیاسـی لەم سیسـتەمەدا کـاری نەکردەیە، وەک ئەوەی لە پرۆســـەی پێکهێنـــانی حکــومەت لە هەڵبژاردنـــی ســـاڵی ٢٠٢١ دا بەڕوونـی دەرکەوت کە هێشـتا خێـزان و کەسـایەتییە سیاسـییەکان هەڵپەیانە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و چێژ لە ئیگۆ و عاتیفەی خۆیـان دەبیـــنن، ئەوان بەزۆری وەک یەکەیەکـــی بیرۆکراتـــی پشـــت بە حکومەت دەبەست، وەک لە کێشەی میلیشیاکاندا دەردەکەوێت. یەکە خـاوەن هێزەکـانی وەک حەشـدی شـەعبی، لەکاتێکدا لەسـەر لاوازی دەوڵەت دەژین، بەڵام هاوکـات بـۆ دۆزینەوەی بەرگێکـی یاسـایی بـۆ خۆیان و دابینکردنی مـوچەش بـۆ سـەربازەکانیان، پشـت بە دەوڵەت

دەبەسـتن. بەکـورتی دەیانەوێـت دەوڵەتێکـی لاواز هەبێـت کە هەم بیدۆشن و هەم لێی بدزن.

بەهەمان شـێوە، مـوقتەدا سـەدر وا ڕەفتـار دەکات کە ئەو لەسـەروو دەوڵەتەوەیە، بەڵام هێشـتا لەڕێـگەی کۆمەڵێـک یەکەی سیاسـی بەهێزەوە، ململانێ بۆ دەسکەوتەکانی خۆی دەکات. ئەو لە چەندین سـروود و دروشـمدا، لە میـدیاکان وەک پاڵەوانێک دەردەکەوێت کە بە زمـانی خەڵکـی ئاسـایی قسـە دەکـات، بەڵام بەردەوام ئامـاژە بـۆ پیـرۆزی بنەماڵەکەیـان و ڕۆڵیـان لە مێـژووی شـیعەکاندا دەکـات. سـەدر ئایـدۆلۆژیایەکی دیـاریکراوی نیـیە، بەڵام ئەفسـانەیەکی لە کەسایەتی خۆیەوە دروست کردووە.
ئەمڕۆ بنەمـاڵە سیاسـییەکانی عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان، لەبـری گەشـەپێدانی کولتـووری دیموکراسـی، تـۆوی سیسـتەمی دەرەبەگایەتی دەچێنن، دۆخێکی پڕ لە ململانێیـان دروسـت کـردووە کە تێیـدا هەر حیزبێـک هەوڵ بـۆ زاڵبـوونی بەسـەر حکـومەت و تێکشکاندنی ڕکابەرەکانی دەدات. ئەو بێسـەروبەرەییەی کە دروسـت بـووە مەترسـی زۆری لەگەڵ خۆیـدا هەڵگرتـووە، وەک چـۆن عێراقییەکـان لەکـاتی شـەڕی داعشـدا ئەمەیـان بـۆ دەرکەوت و هێـزە نێودەوڵەتییەکـانی جەنگـی دژی داعشـیش بەبێمەبەسـتانە یـارمەتی ماددیی سیاسـەتێکیان دا لە عێـراق کە دەسـتکەوتەکەی یەکسـان بـوو بە سفر.

### دیموکراسی لە عێراق

دەرکەوتنـی سیاسـییە خاوەنپێگەکـان دیـاردەیەکی جیهـانییە، بەڵام شوێن و هۆکارەکانی ئەو دەرکەوتنە جیاوازن. لە جیهانی ڕۆژئـاوادا

'نالەبـــاری ئـــابووری' و 'گەڕانەدواوەی کولتـــوور' وەک هۆکـــاری سـەرەکی تەماشـا دەکرێن[76]، بەڵام لە عێراق و هەرێمی کوردستان چیـرۆکەکە جیـاوازە و هەمـوو کەسـایەتی و بنەمـاڵە سیاسـییە جیاوازەکـان چیرۆکێکـی جیـاوازی خۆیـان هەیە کە ئاڕاسـتەی ڕووداوەکـانی وەکـیەکن. هەمـوو ئاماژەکـانی دیموکراسـیش لەنـاو عێراقـدا لە پاشەکشـەدان. لەکاتێکـدا هێشـتا حیزبەکـانی ئەمـڕۆ دیموکراسـی بە سـووک تەماشـا دەکەن، بەڵام بە سوودبەخشـی دەزانـن کە 'دیموکراسییەکی کۆنتـۆڵکراو' هەبێت چـونکە ئەو جـۆرە سیستەمە هەلی مانەوەیان لە دەسەڵاتدا مسۆگەر دەکات کە ئەوەش تاکە ئامانجی ڕاستەقینەیانە.

نەمانی متمانە بە سیستەمی دیموکراسی لەناو ڕای گشـتیدا، وەک لە ڕاپرسـیەکاندا دەردەکەوێـت[77]، سـەر دەکێشـێت بـۆ ئەوەی کە سیستەمی پەرلەمانی ئێستا لاوازتر ببێت و دەنگی ئەوانە بڵند دەبێت کە داوای سیسـتەمی سـەرۆکایەتی و دەوڵەتـی مەرکەزی دەکەن. لەکاتێکـدا سیسـتەمی لیبـراڵ-دیموکراسـی لەنـاو ژینگەیەکدا گەشـە ناکـات کە حیزبـی ڕاسـتەقینە بـوونی نەبێـت، لاوازبـوونی حیـزبە سیاسییەکانی عێراق دەبێتە هۆی لاوازبوونی پرۆسەی دیموکراسـی، هەروەهـا مەترسـی دەکەوێـتە سـەر پرۆسـەی دروسـتکردنی حکـومەتێکی دیموکراسـی. لەم دۆخەی ئێسـتەدا حیزبەکـان سـەرەوەری خۆیـان لەگەڵ دەوڵەت یەکخسـتووە و لەئەنجامـدا دەوڵەتیان لاواز کردووە و دەستیان بەسەر داهاتەکانیدا گرتووە و ئەمەش پەشێوی دروست کردووە.

**ئەنجام**

لە عێـراق و هەرێمــی کوردســتان، ڕۆڵــی ســەرەکیی و چەقێتــی کەســایەتی و بنەماڵەکـان لە کـۆمەڵگەدا شـتێکی تـازە نیـیە، بەڵام دەرکەتنی سیاسیی بنەماڵەکان تەواو گۆڕانکاری بەسـەردا هـاتووە، هەروەهـا سـامان و هێـزی سـەربازی و کاروبـاری دەرەوەشـیان گـۆڕاوە. گۆڕانکارییەکـانیش دەکرێـت بگەڕێنـرێتەوە بـۆ دەرکەوتنـی دیموکراسـی لە کوردسـتان لە سـاڵی ١٩٩١ و هـی عێـراقیش لە دە ساڵ دواتر.

حیزبەکــانی ئێســتا بەوە لە فەرمانــدە ســەربازییەکاندا بەوە جیـا دەکـرێنەوە کە سـنوورەکان تێـک دەشـکێنن، ئەمەش بەشـێوەک لە شێوەکان دەگەڕیتەوە بۆ زاڵبوونی نەوت بەسـەر ئـابووریی عێراقدا. ئەم توێژینەوەیە زۆر بەلای ئەو گروپە بچووکانەدا ناچێت کە زیـاتر لە گروپە مافیاییەکان دەچن، چونکە ڕۆڵ و پەیوەندییان سنووردارە و بەهێـندەی بنەماڵەکـانی دیکە گرنـگ نییە، بەڵکو ئەم تـوێژینەوەیە زیــاتر تیشــک دەخــاتە ســەر ئەو کەســایەتی و بنەمــاڵە و حیــزبە بنەماڵەییــانەی کە کارێــک دەکەن، ڕەنگــدانەوەی دوورکەوتــنەوە و لادانە لە ئامانجەکانی گروپ و کۆمەڵگە و وڵات.

پارتە سیاسییەکانی عێراق، سەرەڕای لاوازی و لەدەستدانی پێگەی جەماوەرییـان، ئـامرازی سـەرەکین بـۆ بەڕێـوەبردنی وڵات. کاتێک ئەم حیزبـانە لەلایەن کەسـایەتی و بنەماڵەکانەوە دەسـتیان بەسـەردا گیـراوە و لەپێنـاوی خۆدەوڵەمەنـدکردن و بەهێزکردنـی دەســەڵاتی ئەوانـدا کـار دەکەن، ئەمەش وای کـردووە ببـنە کانگـای گەنـدەڵی و هەڵگری گوتاری دژ بە دیموکراسیین. لەبەدبەختی عێراق، سـەرەڕای

نزیکـی نەتەوەیـی و کولتـووری و بـاوەڕی ئایینییـان، ئەم حیزبـانە زیاتر پەرتەوازەیی و شکستی خۆیان پیشان دەدەن.

یەکێـــک لە ئەنجامەکـــانی ئەم تـــوێژینەوەیە ئەوەیە کە حیـــزبە تازەکـــانیش بە ڕەوتێکـــی دیـــاریکراو بەرەو زاڵبـــوونی بنەمـــاڵە و کەسایەتییەکان تێیاندا هەنگاو دەنێن و ئەو هیوایە لەبار دەبەن کە لەدوای داگیرکردنـــی عێـــراقەوە بـــۆ دیموکراســـییەکی کـــراوە و فرەڕەنگی هەبوو. ئەم شێوە کارەش لەناو هەموو حیزبە سوننییەکان بە هاوپەیمانی پێشکەوتنی محمد حەلبووسیشـەوە، هەروەهـا نەوەی نـوێی شاسـوار عەبدولواحید و ئەو ڕەوتە شـیعیانەش دەبینرێت کە موقتەدا سەدر و قەیس خزعەلی ڕابەرایەتیـان دەکەن. لە کوردسـتان حیـزبە گەورەکـان دوای چەنـدەها سـاڵ لەوەی لەســەر سیســتەمی مەکتەبـی سیاســی ســۆڤێتی بــوون و حیــزبەکەی جەلال تاڵەبــانی لەجیـاتی ســەرۆک ناونیشــانەکەی سـکرتێری گشــتی بــوو، ئێســتا بوونەتە کۆمەڵێک حیزبی بنەماڵەیی. هەروەهـا لە سـاڵانی سـەرەتایدا ی.ن.ک هـی بنەمـاڵەیەک یـان کەسـێک نەبـوو؛ بەڵام بەدیـاریکراوی لەدوای مردنی تاڵەبانی، زیـاتر بەبنەمـاڵەبوونی تێدا تـۆخ بووەوە. لە حیزبەکانی دیکەی عێراقیشدا، لەجیاتی ئەوەی لە هەوڵـی ڕازیکردنـی دەنگدەراندا بن، لە هەوڵی پتەوکردنی هێز و سامانی بنەماڵەکاندان.

دەتوانین ئەوە ببینین، ئەو حیزبانەی کە حیزبی کەسین، سـەرەنجام دەگـــۆڕێن بـــۆ حیزبـــی بنەمـــاڵەیی، ئاشـــکرایە کە ئەمەش بەهـــۆی بەیەکداچوونی بەرژەوەنـدی مـاددی و گرتنەدەسـتی دەسـەڵاتەوەیە، بەڵام ئەو حیزبـــانەی کە بەو شـــێوەیەن، هێنـــدەی بازرگانییەکـــانی کەرتی تایبەتی ئەمرۆ کراوە نین و زیـاتر لەو ڕژێمە ئەرستۆکراتی

و پاشـایەتیانە دەچـن کە تێیـدا تاقمێـک خەڵـک لە دەوری پیـاوێکی خانەدان کۆ دەبنەوە کە شەڕ لەگەڵ ڕکابەرەکانی دەکات.

جێگەی داخە کە حیزبە سوونی و شیعییەکانی هەموو ناوچەکانی عێراق، دوای هەمان ڕەوتی زاڵی بنەماڵەیی-کەسیی ناو هەرێمی کوردستان کەوتوون. حیزبە شیعییەکان هەرچەندە ڕێگەکەیان جیاوازە، بەڵام کاریگەرن بە ئایدیا شیعی و سوونییەکان. بۆ نمونە سوننەکان بۆ خۆجیاکردنەوەیان لە دەوڵەتی ئیسلامی وێنەیەکی سێکولارانە (عەلمانی) نیشان دەدەن. زۆربەی ئەکتەرە شیعییە دیارەکانی وەک سەدر و حەکیمیش، خۆیان بەستووەتەوە بە بنەماڵەو دامەزراوە ئاینییەکانیان. ئەوانەشی کە وەک هادی عامری و قەیس خزعەلی پێگەیەکی ئایینی و بنەماڵەییان نییە، لەلایەک خۆیان هەڵواسیوە بە مێژووی ڕووبەڕووبوونەوەیان دژ بە ئەمریکا و دەوڵەتی ئیسلامی، لە لاکەی دیکەشەوە بە هاوڕێیەتیان لەگەڵ کەسە شیعییە دیارەکانی وەک موهەندیس و سلێمانی، بەم شێوەیە سیاسەت لە چەندین لاوە لەگەڵ خوێندا تێکەڵ بووە. بەهەمان شێوە سوونییەکان لە دروستکردنی حیزبێکی سیاسیدا ڕووبەڕووی بەربەستی زۆر بوونەوە، ئەمەش وای کرد کەسایەتییە خێڵەکییە دیارەکان دەست بەسەر فەزای سیاسیدا بگرن. هەرچەندە ئێستا خەریکە دەسەڵاتی تاکەکەسیی سەر هەڵدەدات و دەکرێت ئەمە لە هەردوو نمونەی دیاری وەک محمد حەلبووسی سەرۆکی پێشووی پەرلەمان و شاسوار عەبدولواحیدی هەرێمی کوردستاندا ببینین.

هەموو ئەمانە نیشانەیەکی خراپن بۆ دیموکراسی لە عێراق و یەکێک لە خراپترین نیشانەکانیش بوونی میدیای تایبەت بە بنەماڵەکان و

نەبوونی میدیایەکی سەربەخۆیە لە عێراق. لەپێشتربوونی چیرۆکی خۆسەنتەریانەی بنەماڵەکان، ڕووداوی نیشتیمانی و بابەتە کۆمەڵایەتییە گرنگەکانی دیکەی داپۆشیوە، لەکاتێکدا ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە ئەم کۆمەڵانە شکستیان هێناوە لەوەی ئامانجە مەدەنی و نیشتیمانییەکان بکەن بە کاری لەپێشینەیان. لەکاتێکدا لەبەردەم ڕای گشتیدا وا دەردەکەوێت ئەم حیزبانە لەگەڵ یەکتریدا کێبڕکێ دەکەن، بەڵام هەموویان هەمان شێوەی کارکردنیان هەیە. لە کوردستان دەستگرتنی خێزانەکان بەسەر حکومەتدا وای کردووە تێچووی حکومداری زۆر بێت و ئەمەش بووەتە هۆی مانەوە و بەردەوامییان. لە هەولێر و بەغداد کەسایەتییەکان ڕێز لە سەروەریی یاسا ناگرن و هەڕەشەن بۆ سەر کراوەیی و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی لەناو سیستەمدا.

لە بەرامبەر ئەو سیاسەتەی کە ئێستا لە عێراق پەیڕەو دەکرێت، دەبێت ئەمریکا و وڵاتانی دیکە هاوسەنگی ڕابگرن لەنێوان داننان بە سەرکردەکانی دەوڵەت وەک هێزێکی ڕاستەقینە و تیشک خستنەسەر ڕۆڵی ئەوان وەک ڕوخێنەری سیستەمی دیموکراسی. مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو سەرکردانەی عێراقدا ڕەنگە زیان بە ناوبانگی ئەمریکا وەک پارێزەری ئازادی و دیموکراسی بگەیەنێت. بەڵام ئەگەر تێڕوانینێکی دووربینانەیان هەبێت، ئەوە هەر لە سەرەتاوە ناسینی مۆدێلی کەسایەتی-بنەماڵەیی، بەلایەنی کەمەوە بەرچاوڕوونییەکی باش دەدات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سیاسەتی عێراق، بەتایبەتیش حکومڕانییەکی باش لە عێراق و یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە، دوو بەرژەوەندی ئاشکرای ئەمریکان کە پێویستیان بە بەستنی پەیوەندیی لەگەڵ ئەکتەرانی دیکەی وەک

حیزبەکـانی ئۆپۆزسـیۆن و کـۆمەڵە بازرگانییەکـان و کـۆمەڵگەی مەدەنـی هەیە، نەک ئەوانەی ئێسـتا لەسـەر دەسـەڵاتن. دەکرێـت هیوایەک لە خۆپیشاندانەکانی تشرینی ٢٠١٩ دا ببینین کە چالاک و پشتیوانەکانی کۆمەڵێک کەس بوون کە لەسەر شەقمەکان دەیانگوت: "ئـێمە نیشـتیمانمان دەوێـت"، نەک هیـوا لەسـەر ململانـێ بەرژەوەنـدیخوازەکانی نێـوان سـەدر و مـالیکی و بەرزانـی و تاڵەبانیەکان هەڵبچنرێت. ئێستا لە عێراق ئۆپۆزسیۆن بوونی هەیە، بەڵام هەتا ئێستا بەربەستی وەک نەبوونی ڕێکخستن و سەرچاوەی لەبەردەمدایە، شانبەشانی ئەوەش کاردانەوەی توندوتیژانە و پیلانی ئەو دەلالانەی کە دەیانەوێت سیستەمی ئێستا وەک خۆی بمێنێتەوە، بەربەستێکی دیکەن لەبەر دەمیدا.

## دواوتە

دەرەچەیەکی بەرتەسکی ئەمریکا بۆ پاڵپشتیکردنی دیموکراسی لە عێراق



**نووسینی: دەیڤد شینکەر**

ئەندامی پێشوی بەرنامەی توب و بەڕێوبەری بەرنامەی لیندا و تۆنی ڕۆبین بۆ سیاسەتی عەرەبی لە پەیمانگای واشنتۆن.

لە ساڵی ٢٠٠٤ و یەک ساڵ دوای هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر عێراق و لەکارلابردنی سەدام حوسێنی سەرۆکی ئەوکات، جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکای ئەوکات؛ پۆڵ وۆلفۆتیز، بە لیژنەی هێزە چەکدارەکانی ئەنجومەنی پیرانی گوت کە ئامانجی واشنتۆن بریتییە لە: "عێراقێکی دیموکراسی کە ڕێز لە داواکارییەکانی هەموو گەلی عێراق بگرێت". سەرەڕای ڕووبەڕووبوونەوە درێژخایەنەکان و داگیرکارییەکەی دەوڵەتی ئیسلامی و دەستێوەردانی بەردەوامی ئێران، ڕەنگە عێراقی ئەمڕۆ بتوانێت شانازی بەوەوە بکات کە بەهێزترین وڵاتی دیموکراسییە لە بەشە عەرەبییەکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەدڵنیاییەوە ئەو دیموکراسییەی کە ئەمڕۆ لە عێراق هەیە، وەک ئەو دیموکراسییە نییە کە دە ساڵێک لەمەوبەر هەبوو، بەڵام هێشتا ئیدارەی بایدن دان بەو هەوڵ و پێشکەوتنەی بەغدادا دەنێت، لەبەر ئەمەشە عێراق تاکە وڵاتی عەرەبیی بانگهێشتکراو بوو بۆ کۆنگرەی لوتکەی دیموکراسی لە مارسی ٢٠٢٣[78].

وەک نووسەرانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئاماژەیان پێ کردووە، ئەو تۆزە دیموکراسییەش کە ئەمڕۆ لە عێراقدا هەیە، لەژێر مەترسیدایە. زاڵبوونی دەسەڵاتی بنەماڵە و کەسایەتییە خاوەنپێگەکان، دامەزراوە دیموکراسییەکانی ناو عێراق دەڕوخێنێت، سەرباری ئەوەش کە دەبێتە هۆی وزەبەخشین بە گەندەڵی و سیاسەتی پێشخستنی بەرژەوەندییە کەسییەکان، ئەم بابەتە دەبێتە هۆی بێهێزبوونی حیزبە سیاسییەکان و بەهێزبوونی پێگەی میلیشیاکان و لاوازبوونی دەسەڵاتی دەوڵەت. ئەم دیاردەیە سەرەتا لە هەرێمی کوردستاندا دەرکەوت، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات بەغدادیشی گرتەوە.

تا دێت دۆخی سیاسیی ئێستای عێراق وەک دۆخی لوبنانی لێ دێت، ئەوەی پێی دەگوترێت سیستەمی زەعیم کە لەسەر بنەمای ئینتیمای خێڵەکییە و چەندین نەهامەتیی بەسەر لوبناندا هێناوە. ئەم ئاڕاستەیە هیچ چاکەیەکی بۆ عێراقیش نییە. ئەو مەیلە زۆرەی عێراق بە ئاڕاستەی دەسەڵاتی کەسایەتییەکان و وازهێنان لە سیاسەتێک لەسەر بنەمای بەرژەوەندی، کاریگەری لەسەر کارەکانی واشنتۆنیش دەبێت. ئیدارە یەکبەدوایەکەکانی ئەمریکا پێویستبووە لەسەریان مامەڵە لەگەڵ سیاسەتی خێڵەکیانە و پڕئاژاوەی هەرێمی کوردستاندا بکەن. دوای ئەو دابەشکردنە تازەیەی عێراق کە بەپشتیوانی ڕۆژئاوا بوو، سەردەمانێک لە ڕوانگەی واشنتۆنەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان، توانایەکی زۆری بۆ سەرپێکخستنی دیموکراسی و ئابوورییەکی ڕێکخراو تێدا بوو، بەڵام کاتێک هەردوو بنەماڵەی بەرزانی و تاڵەبانی بەهێزتر بوون، ئەو هیوایە لەبار برا.

ئەمـڕۆ لە هەرێمـی کوردسـتان، ئـازادی ڕادەربـڕین و هەلـی کـار سـنووردارن، هەڵبـژاردن دوا دەخرێـت، دەگوترێـت ڕێـژەی کۆچکردنیش بەرز بووەتەوە، لەهەمـان کاتیشـدا دەزگا ئەمنییەکانی هەرێـمەکە و هێزەکـانی پێشـمەرگە وەک میلیشـیایەکی تەواو لە بەرژەوەنـدی بنەماڵەکانـدا کـار دەکەن، نەک لە بەرژەوەنـدی حکـومەتی هەرێـم. لە سـاڵی ٢٠٢٢ یەکێـک لەو ئەنـدامانەی دەزگـا ئەمنییەکـان کە لە یەکێتـی نیشـتمانی مـاڵی تاڵەبـانی سـەنگەری گواسـتەوە بـۆ پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانی بەرزانییەکـان، لەنـاو هەرێمی ژێر دەسەڵاتی پارتیدا تیرۆر کرا[79].

ئەم جەمسەرگیرییە کاری واشنتۆنی بۆ چاکسـازی لەنـاو هێزەکانی پێشمەرگە و بەهێزکردنـی تواناکانیـان، قـورس کـردووە، لەکاتێکدا لە سەردەمی شـەڕی داعشدا ڕۆڵێکی هەستیاریان هەبوو، هەروەهـا ئەو جەمسـەرگیرییە مەترسـی هەیە لەسـەر دووبـارە ڕوودانـی ململانێـی ناوخۆیی لە هەرێمی کوردستان کە ئەمە دەکرێت مەترسـی بێت بـۆ هێڵـی پەیوەنـدییەکانی ئەمریکـا، چـونکە هەرێـم ناوەنـدێکی پاڵپشـتییە لەنێـوان هێزەکـانی ئەمریکـا لە عێـراق و سـووریا. بەشـێوەیەکی گشـتگیرتر بڵێـین، دروسـتبوونی درز لەنێـوان دوو بنەمـاڵە دەسـەڵاتدارەکەی هەرێمـی کوردسـتان، مەترسـییە بـۆ سـەر سـەقامگیری و ئاسایشـی نـاوچەکە و هەل دەڕەخسـێنێتەوە بـۆ دروستبوونەوەی ئەو دەوڵەتی ئیسلامییەی کە ئێستا لاواز کراوە.

جـێگەی داخە ئەم ئاڕاسـتە بەرچـاوەی کە ئەمـڕۆ بەرەو سیاسـییە خاوەنپێگەکـان و حکـومی بنەمـاڵە سیاسـییەکان هەیە، لە بەغـدادیش دیـاردەیە. ئەگەر بە ڕاسـتگۆ بـین، عێـراق سـەردەمێکی درێـژە لەگەڵ

ئەم سیستەمە ڕاهاتووە و لە ساڵی ١٩٧٩-٢٠٠٣وە بەم شێوەیەیە. پێشتر سیاسەتی وڵاتەکە لەژێر دەسەڵاتی سەددامدا بوو کە دکتاتۆرێکی خێڵەکی بوو، بێگومان ئەویش دەسەڵاتەکانی دابوو بە یەکێک لە کوڕەکانی. بەهەمان شێوە ململانێی توندی دەسەڵات و گەڕانەوەی چاوەڕوانکراوت عێراق بۆ زاڵبوونی سیاسییە خاوەن پێگەکانی وەک نوری مالیکی، نیشانەیەکی باش نییە بۆ وڵاتەکە. ئەگەر ئەم ئاڕاستەیە پێچەوانە نەبێتەوە، ڕەنگە ئەو دارمان و خراپییەی پێشوو دووبارە تەشەنە بسێنێت و میلیشیای زیاتر دروست ببێت و وەبەرهێنانی دەرەکی بەرەو کەمبوونەوە بچێت و ئێران کاریگەریی گەورەتر دابنێت، هەروەها بەغدادیش بەردەوام بێت لە شکاندنی ژمارەی پێوانەیی لە خراپبوونی خزمەتگوزارییەکان. بەکورتی، ئایندەی دیموکراسی لە عێراق بەرەو نادیاریی بچێت.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرژەوەندییەکی بەردەوامی لە سەرکەوتنی عێراقدا هەیە. عێراقێکی بەهێز و دیموکراسی کە وەڵامدەرەوەی شەقام بێت، دەبێتە دراوسێیەکی باشتر بۆ ئەردەن و وڵاتانی کەنداو و دەبێتە هۆی زیادبوونی سەقامگیری لە ناوچەکەشدا. بەپێچەوانەشەوە ئەگەر بەغداد لەلایەن کۆمەڵێک سەرۆکحیزبی بنەماڵەییەوە کۆنترۆڵ بکرێت کە بەرژەوەندی خۆیان بخەنە پێش نوێنەرایەتیکردنی هاونیشتیمانیانی عێراق، ئەوە بڕیارە سیاسییەکانیش ڕەنگدانەوەی کۆمەڵێک بابەتی کورتبینانە و بەرتەسک دەبن کە دۆخی ناوخۆ دەتەقێننەوە و ڕێگە بۆ دەستێوەردانی دەرەکی خۆش دەکەن.

بەدڵنیاییەوە، ڕێگەگرتن لە گەشەکردنی ئەم شێوازەی سیاسەت لە عێراق، کارێکی قورس دەبێت بۆ واشنتۆن. لەکاتی ناردنی نوێنەرە دیبلۆماتییەکانیان بۆ بەغداد و هەولێر، ئیدارەی بایدن دەکرێت و دەبێت بەردەوام بێت لەسەر جەختکردنەوە لە گرنگیی حکومڕانییەکی باش، با هەتا ئێستاش ئەم ڕێگەیە کاری نەکردبێت. ڕێگایەکی باشتر و بەهێزتریش ئەوەیە کە کەمترین پەیوەندییان لەگەڵ ئەو کەسایەتییە خاوەنپێگانەدا هەبێت، تەنانەت ئەگەر پێویست بوو دەبێت ناویان بخرێتە ناو سزاکانی بەرنامەی جیهانیی ماگنیسکی یان یاسای نێودەوڵەتیی فریاگوزاریی هێزە ئابوورییەکان[3] کە بۆ گەندەڵی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ڕێگرتنە لە حوکمی یاسا. هەروەها دەکرێت واشنتۆن مەرج بخاتە سەر ئەو ٢٤٠ ملیۆن دۆلارەی کە ساڵانە بۆ نەهێشتنی حیزبایەتی و یەکگرتنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی دەنێرێت. ئیدارە یەکبەدوایەکەکانی ئەمریکا بەردەوام وەک ئامرازێکی هاندان باسیان لە مەرجداربوونی ئەو هاوکارییە کردووە، بەڵام نەیانهێشتووە جێبەجێ بکرێت.

لەکاتێکدا ئەم پێوەرانە بۆ مامەڵە و پرسە ئابوورییەکان، ڕەنگدەرەوەی باشتری سیاسەتی ئەمریکا دەبێت لە عێراق، بەڵام بێمەترسش نییە. بۆ نمونە کەمکردنەوەی هاوکاریی ماددی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە، ئەگەری سەرهەڵدانەوەی داعش زیاتر دەکات. کەمکردنەوەی مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانەی کێشەدارن، بەڵام خاوەن بڕیاری سیاسین، کاری دپلۆماتکارە ئەمریکییەکان پەک دەخات. لە کۆتاییدا ئەم جۆرە لە مامەڵە، ڕەنگە وا بکات حکومەتی هەرێم و

---

[3] International Emergency Economic Powers Act

بەغداد زیاتر بەرەو ژێر ڕکێفی تاران بڕۆن و تارانیش هیچ گرنگی بە حکومڕانی باش لە عێراق و سەرکەوتنی نادات. ئەو بژاردانەی لەبەردەم واشنتۆندان، لەوە کەمترن کە بژاردەی نمونەیی تێدا بێت. دەکرێت نەبوونی سیاسەتێکی کاریگەری ئەمریکا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەی حوکمی بنەماڵە و کەسایەتییە خاوەنپێگەکان، مەترسیی جدی بۆ سەر بەغداد و واشنتۆن هەبێت.

با لەناو بنەماڵەکەماندا بمێنێتەوە:

## هەڵسەنگاندنی دۆخی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق

**نووسینی: سەردار عەزیز**

پەیوەندییە بنەماڵەییەکان خەریکە دەبێتە سیمای دیاری سیاسەتی عێراق، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی گەندەڵی و هەڕەشەیەکیشە بۆ سەر ئەو تروسکە کەمەی دیموکراسییش کە هەیە.

لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٨، پاش زیاتر لە دە ساڵ، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە عێراق کرا. لەناو پازدە پارێزگادا، عێراقییەکان دەنگیان بۆ بەربژێرانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی خۆیان دا کە ئەم دەسەڵاتانەیان هەیە: دانانی پارێزگار، ئیدارەدان و ڕێکخستنی بودجەی پارێزگاکە و دیاریکردنی پلانە لەپێشترەکان. هەڵبژاردنی ڕابردووی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە مایسی ٢٠١٣دا بوو، بەڵام تەنها لە سیازدە پارێزگا کرا. لە ساڵی ٢٠١٧، هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکان بەو مەبەستە دواخرا کە لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٢٠١٨ دا بکرێت، بەڵام ئەو کاتیش هەر دواخرایەوە. لە ساڵی ٢٠١٩ کاتێک خۆپیشاندانەکانی تشرین سەری هەڵدا، داواکارییەکی بەهێز بۆ هەمواری سیستەمی هەڵبژادن و هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنەکان هەبوو، چونکە خۆپیشاندەران پێیان وابوو کە کۆمەڵێک دەزگای بیرۆکراتین و پڕن لە گەندەڵی. لەبەرامبەر ئەمەدا پەرلەمانی عێراق کاری ئەنجومەنەکانی هەڵپەسارد، بەڵام ڕێگەیدا بەوەی کە پارێزگارەکان لە کاری ئیداری خۆیان بەردەوامبن، لە مارسی ٢٠٢٣شدا حکومەت ڕۆژێکی بۆ هەڵبژاردنی نوێی ئەنجومەنەکان دیاری کرد.

یەکێک لە سیما دیارەکانی هەڵبژاردنەکانی مانگی دوانزەی پارێزگاکان، دەرکەوتنی ئەو دیاردەیە بوو کە دەتوانین پێی بڵێین دینامیکیەتی بنەماڵە. بەپێی کۆمەڵێک سەرچاوە، نیوەی کەسایەتییە سیاسییە دیارەکان، بەوانەشەوە کە ئێستا لە پۆستی ڕەسمیدان، کەسە نزیکەکانی خۆیان بۆ کورسیی ناو ئەنجومەنە خۆجێییەکان هەڵبژاردووە. لە هەموو عێراقدا، هەر لە دیالەوە بۆ بەغداد و موسڵ و نەجەف، زۆرێک لەو کەسایەتییانەی لەناو بنەماڵەکانەوە خۆیان کاندید کردبوو، توانیان کورسییەکان ببەنەوە، ئەم بردنەوەیەش تەنها لەڕێگەی سوودوەرگرتن لە ناوی بنەماڵەکانیانەوە وەک سەرمایەیەکی ڕەمزیی نەبوو، بەڵکو بەهۆی دەستگەیشتیان بوو بەو سیاسەتەی کە مەکینەکەی بە پارەی گشتی چەور دەکرێت. ئەمە نیشانەیەکی گوماناوی و دڵەڕاوکێبەخشە بۆ گەشەکردن و داهاتووی دیموکراسی لە عێراق، هەروەها بابەتێکی باشە بۆ تەنز و لە بەناوبانگترین بەرنامەی تەنزدا (بەشیر شۆو) بووە جێگەی گاڵتە.

بەدرێژایی سالانی ڕابردوو، بزوتنەوە و حیزبە سیاسییەکانی عێراق، کەوتوونەتە ژێر ڕکێفی کۆمەڵێک کەسایەتی و بنەماڵەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و ڕەوتی حیکمەی نیشتیمانی و نەوەی نوێ و چەند حیزبێکی دیکەش، دەزگاکانیان بۆ ئەوە ئامادە کردووە کە نەوە و خزمەکانیان بەڕێوەی ببەن. لەگەڵ دەرچوونی ئەنجامی هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا، بەڕوونی ئەوە دەردەکەوێت کە لەناو سیاسەتی عێراق و لە پێگەکانی ناو هەڵبژاردن و دەرەوەی هەڵبژاردنیش، جوڵەی بنەماڵەکان خەریکە دەبێتە نەریتێکی باو. هەندێک کەس ئەمە بە 'دیموکراسیی بۆماوەیی' وەسف دەکەن کە جۆرێکە لە جۆرەکانی بەمیراتکردنی سیاسەت و لەو جۆرە سیاسەتە دەچێت کە لە ژاپۆن

پەیــڕەو دەکرێــت، بەڵام لە عێــراق چــونکە دیموکراســی زۆر لاوازە و گەندەڵی بە سیستماتیکی دەکریت و ئابوورییەکی یەک سەرچاوە هەیە کە نەوتە، سیاسەتی بۆماوەیی ستراتیژێکی بەرهەرمدار و درێژخایەن نییە.

ئەو سیاسـەتەی کە بنەماڵە تێیدا زاڵە، گەندەڵی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتـووە، کاندیدەکان بۆئەوەی لە هەڵبژاردندا براوەبن، لەجیاتی ئەوەی شایستە بن، دەبێــت ڕەگێکــی بنەماڵەییــان هەبێــت، هەروەهــا پێویســتیان بە وزە و ســـەرچاوەی زیـــاتر دەبێـــت، بـــۆئەوەی ئەو بەڵێنـــانە ببەنەســـەر کە لە بانگەشەدا داویانە. بەم شێوەیە سیاسەتی خاڵ و چۆلەکە[4] (Pork barrel-style) [بـۆیە پێـت ئەڵـێم خـاڵە بـۆئەوەی چـۆلەکەم بـۆ بگریـت] کە بەکارهێنـانی سـەرچاوە گشـتییەکانە بـۆ بەرژەوەنـدی تـایبەت، لەنـاو ئەو کاندیـدانەدا دەبێـتە شـتێکی بـاو کە بەهـۆی پێدانی هەلـی کـار لە کەرتـی حکـومی و دابینکردنـی شـتومەک و خزمەتگـوزاری و ئەو پـڕۆژانەی کە بەهێزکردنـی ژێرخـانی ئـابوورین، دەنـگ بـۆ خۆیـان مسـۆگەر دەکەن. بە شـێوەیەکی دیکە، دیموکراسییەکەی عێراق دەبێتە دیموکراسییەک کە بە پارە دەکڕدرێت.

لەکاتێکـدا کە جـوڵەی بنەماڵەکـان مەودای بەشـداریی سیاسـی تەسـک دەکــاتەوە، ئەوە بــوونی ئەم سیاســەتە لەنــاو ئەو هەمــوو دابەشــبوونە سیاسی و مەزهەبی و نەژادییەی عێراقدا کە هـیچ شـتیک ناتوانێت پێشـی پێ بگرێت، تەنها پارچەپارچەبوون و دابەشکردنێکی زیـاترە و نیگەرانـی و

[4] ئەم دەسـتەواژەیە بـۆ ئەو سیاسـیانە بەکـار دەهێنرێـت کە کاتێـک بانگەشـەی هەڵبـژاردن دەکەن، بەڵێنـی کۆمەڵێک خزمەتگوزاری بە خەڵـک دەدەن و خەڵکیش لەبەر ئەوە هەڵیان دەبژێرن، لێرەدا لەسەر پەندە کوردیەکەی کە دەڵێت بۆیە پێت دەڵێم خاڵە بۆئەوەی چۆلەکەم بۆ بگریت، ئەم چەمکەمان دروست کرد.

بێهیوایی گشتی زیاتر دەکات، بەتایبەت لەناو چینی گەنجاندا. ئەمەش زۆر بەڕوونی لە کەمیی ڕێژەی بەشداریکردنی دەنگدەراندا دەبینین کە تەنها ڕێژەی سەدا ٤١ی خەڵکی چوون بۆ دەنگدان.

ئەم بێهیواییەی سیاسییەی کە هەیە، زیانێکی گەورەیە بۆ دیموکراسی لە عێراق. هیشتا نوخبەی بەڕێوەبردن لە عێراق، لەبری ئەوەی کەشێکی باشتر بۆ فرەیی سیاسیی برەخسێنن، کار بۆ ئەوە دەکەن کە حیزبە بچوکەکان و کاندیدە سەربەخۆکان بسڕنەوە، هەروەها یاسای هەڵبژاردن بە شێوەیەک هەموار دەکەنەوە کە بچێتەوە سەر سیستەمی ڕێژەی سەینت لاگ (Sainte-Laguë) بۆ نوێنەران کە ئەمە لە بەرژەوەندی سیاسییەکانی ئێستایە. کاتێک بنەماڵە دەبێتە دامەزراوەیەکی سیاسی، ئەوە بەردەوام دەسەڵات و سامان لە دەستی چەند کەسێکدا قۆرخ دەکرێت و سیاسەت کەمتر دەبێتە کایەیەکی گشتی و هاونیشتیمانیان زیاتر لە حکومەتی خۆیان دەرەنجێن. کاریگەرییە خراپەکانی ئەم جۆرە لە سیستەم، لە درێژمەودادا دەردەکەوێت، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەران وا نزیک دەبێتەوە.

**ئەم وتارە لە پێگەی Carnegie Endowment for International Peace بڵاو کراوەتەوە**

# سەرچاوەکان


1. Qassim Abdul-Zahr and Abdulrahman Zeyad, "Iraq's Top Court Rules to Oust the Speaker and a Rival Lawmaker from Parliament," Associated Press, November 14, 2023, https://apnews.com/article/iraq-parliament-speaker-halbousi-federal-court-4689a98ba4b52f7bee25cb8f7441756d.
2. Mina al-Oraibi, "Brett McGurk: U.S. 'Going Back to Basics' with Middle East Policy," *The National*, November 25, 2021, https://www.thenationalnews.com/gulf-news/bahrain/2021/11/25/brett-mcgurk-us-going-back-to-basics-with-middle-east-policy/.
3. Bilal Wahab, *Promoting Sovereignty and Accountability in Iraq: Guidelines for the Biden Administration*, Policy Note 106 (Washington DC: Washington Institute, 2021), https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/promoting-sovereignty-and-accountability-iraq-guidelines-biden-administration.
4. A. A. Orlov, "Trends in the Evolution of the Party System in Spain in the Post-Franco Period," *Herald of the Russian Academy of Sciences* 92 (June 2022): S126–S132, https://link.springer.com/article/10.1134/S101933162208007X.
5. Paul Webb and Stephen White, eds., *Party Politics in New Democracies* (Oxford: Oxford University Press, 2007).
6. Webb and White, *Party Politics*.
7. F. Gregory Gause III, "Why Middle East Studies Missed the Arab Spring," *Foreign Affairs*, July/August 2011, https://www.foreignaffairs.com/articles/middle-east/2011-07-01/why-middle-east-studies-missed-arab-spring.
8. Boris James, "The Rise and Fall of the Kurdish Emirates (Fifteenth to Nineteenth Centuries)," in *The Cambridge History of the Kurds*, ed. Hamit Bozarslan, Cengiz Gunez, and Veli Yadirgi (Cambridge: Cambridge University Press, 2021).
9. Hosham Dawod, "The Da'wa Party and Nouri al-Maliki," Emirates Policy Center, May 5, 2023, https://epc.ae/en/ details/featured/the-da-wa-party-and-nouri-al-maliki; also see Maria Luisa Fantappie, "Men of Dawa: How the Personalities of One Party Shaped Iraq's New Politics," The Century Foundation, June 26, 2023, https://tcf.org/ content/report/men-of-dawa-how-the-personalities-of-one-party-shaped-iraqs-new-politics/.
10. In places where the rule of law has been eroded, it can be common to rely on family members to serve as apolitical leaders, thereby reducing the potential for volatility, violence, and revenge. See, e.g., Laura Patel, "Erdogan's Family Drama and the Future of Turkey," *Financial Times*, November 18, 2020, https://www.ft.com/content/5ba8d28a-2550-446a-8cd5-92e33caff637. Here is the operative quote: "When Berat Albayrak was asked about his relationship with his father-in-law, Turkey's president Recep Tayyip Erdogan, he replied that 'the relationship is about an ideal, about soul.'"

11. Pradeep Chhibber, “Dynastic Parties: Organization, Finance, and Impact,” *Party Politics* 19, no. 2 (May 2011): 277–95.
12. Robert Worth, “The Most Stinging Resignation Letter Ever Written,” *Atlantic*, September 22, 2022, https://www.theatlantic.com/international/archive/2022/09/ali-allawi-iraq-corruption-resignation-letter/671509/.
13. Mina al-Oraibi, “Brett McGurk: U.S. ‘Going Back to Basics’ with Middle East Policy,” *The National*, November 25, 2021, https://www.thenationalnews.com/gulf-news/bahrain/2021/11/25/brett-mcgurk-us-going-back-to-basics-with-middle-east-policy/.
14. Wahab, *Promoting Sovereignty and Accountability in Iraq*, https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/promoting-sovereignty-and-accountability-iraq-guidelines-biden-administration.
15. Bilal Wahab, “Saving Iraqi Sovereignty: Iran, Turkey and a Fractured Homeland,” *The National*, November 27, 2022, https://www.thenationalnews.com/opinion/comment/2022/11/27/saving-iraqi-sovereignty-iran-turkey-and-a-fractured-homeland/. On the Turkish strikes, see also Bilal Wahab, “How to Stop Iraqi Kurdistan’s Bleeding,” PolicyWatch 3789, Washington Institute for Near East Policy, September 28, 2023, https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/how-stop-iraqi-kurdistans-bleeding.
16. See, e.g., “Iraq Takes Disputed Areas as Kurds ‘Withdraw to 2014 Lines,’” BBC, October 18, 2017, https://www. bbc.com/news/world-middle-east-41663350.
17. Bilal Wahab, “The Paradox of Centralization and State Fracture in Iraq,” Centre Français de Recherche sur l’Irak, December 9, 2022, https://www.cfri-irak.com/en/article/the-paradox-of-centralization-and-state-fracture-in-iraq-2022-12-07.
18. U.S. Department of Defense, “Iraqi Forces Liberate Mosul from ISIS,” press release, July 10, 2017, https://www. defense.gov/News/News-Stories/Article/Article/1242101/iraqi-forces-liberate-mosul-from-isis/.
19. Sardar Aziz, “Debating the State in Iraq After a Century—The Concept of *Ladaula*,” *Confluences Méditerranée* 1, no. 116 (2021): 41–51. Also see Sardar Aziz, “On the Non-State (Ladaula) in Iraq,” *Fikra Forum*, Washington Institute for Near East Policy, September 25, 2020, https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/non-state-ladaula-iraq.

20. Faleh Jabar and Hosham Dawod, eds., *Tribes and Power: Nationalism and Ethnicity in the Middle East* (London: Saqi, 2003); Faleh A. Jabar, *The Non-State* (Ladaula), Kufa University; an image of this book, which was printed posthumously, is available here: https://bit.ly/46s6gGW.
21. See, e.g., Associated Press, "Gen. Adnan Khairallah, 50, Dies; Iraqi Defense Chief and Advisor," *New York Times*, May 7, 1989, https://www.nytimes.com/1989/05/07/obituaries/gen-adnan-khairallah-50-dies-iraqi-defense-chief-and-adviser.html.
22. Amatria Baram, "Neo-Tribalism in Iraq: Saddam Hussein's Tribal Policies, 1991–96," *International Journal of Middle East Studies* 29, no. 1 (February 1997): 1–31.
23. Cale Salih and Maria Luisa Fantappie, *Kurdish Nationalism at an Impasse* (The Century Foundation, February 2019), https://tcf.org/content/report/iraqi-kurdistan-losing-place-center-kurdayeti/.
24. Hakan Ozoglu, "State-Tribe Relations: Kurdish Tribalism in the 16th- and 17th-Century Ottoman Empire," *British Journal of Middle Eastern Studies* 23, no. 1 (May 1996): 5–27.
25. Toby Dodge and Renad Mansour, *Politically Sanctioned Corruption and Barriers to Reform in Iraq* (London: Royal Institute of International Affairs, 2021), https://www.chathamhouse.org/2021/06/politically-sanctioned-corruption-and-barriers-reform-iraq. For a deeper look into patronage networks, see Bilal Wahab, "Oil Federalism in Iraq: Resource Curse, Patronage Networks, and Stability: Case Studies of Baghdad, Kurdistan, and the Advent of ISIS," PhD diss., George Mason University, 2015, http://mars.gmu.edu/handle/1920/9682.
26. Fadhel al-Nashmi, "Zarif Meeting Tribal Leaders in Iraq Provokes Ire, Criticism," *Asharq al-Awsat*, January 19, 2019, https://english.aawsat.com//home/article/1551426/zarif-meeting-tribal-leaders-iraq-provokes-ire-criticism.
27. Benedict Robin, "The Sadrist-Communist Alliance: Implications for Iraq's Secular Politics," London School of Economics, June 6, 2018, https://blogs.lse.ac.uk/mec/2018/06/06/the-sadrist-communist-alliance-implications-for-iraqs-secular-politics/.
28. Arash Reisinezhad, *The Shah of Iran, the Iraqi Kurds, and the Lebanese Shia* (Cham, Switzerland: Springer International, 2019).
29. Giovanni Capoccia, "Critical Junctures and Institutional Change," in *Advances in Comparative Historical Analysis*, ed. James Mahoney and Kathleen Thelen (Cambridge: Cambridge University Press, 2015).
30. In his work *The Muqaddimah: An Introduction*, Ibn Khaldun highlighted the cyclical nature of history, whereby dynasties typically wane after three generations as decadence sets in.
31. Jon Lee Anderson, "Mr. Big," *The New Yorker*, January 28, 2007, https://www.newyorker.com/magazine/2007/02/05/mr-big.

32. "Bafel Talabani Re-Elected as President of PUK at Fifth Congress," MedyaNews, September 28, 2023, https://medyanews.net/bafel-talabani-re-elected-as-president-of-puk-at-fifth-congress/.
33. For ideas about the charismatic leader, see Angelo Panebianco, trans. Marc Silver, *Political Parties: Organization and Power* (Cambridge: Cambridge University Press, 1988).
34. Friedrich Nietzsche, "Apothegms and Interludes," chap. 4 of *Beyond Good and Evil*, 1886, available at https://www.marxists.org/reference/archive/nietzsche/1886/beyond-good-evil/ch04.htm.
35. Zackery M. Heern, "One Thousand Years of Islamic Education in Najaf: Myth and History of the Shiʿi Hawza," *Iranian Studies* 50 (March 2017), https://www.tandfonline.com/doi/abs/10.1080/00210862.2017.1285486?journalCode=cist20.
36. Yitzhak Nakash, *The Shiʿis of Iraq* (Princeton, NJ: Princeton University Press, 1994).
37. Marsin Alshamary, "Prophets and Priests: Religious Leaders and Protest in Iraq," PhD diss., Massachusetts Institute of Technology, September 2020, available at https://dspace.mit.edu/bitstream/handle/1721.1/130603/1249 43171-MIT.pdf?sequence=1&isAllowed=y.
38. For his role in Maliki's departure from office, see Ali Mamouri, "How Did Sistani Succeed in Ousting Maliki?" Al-Monitor, August 20, 2014, https://www.al-monitor.com/originals/2014/08/iraq-sistani-democratic-ways-successors-maliki.html.
39. "Qais pouring water for Mr. Muqtada al-Sadr" (in Arabic), YouTube video, 1:06, posted by "hakika," May 17, 2015, https://www.youtube.com/watch?v=IynE6Fn_i4Q.
40. "How did Qais al-Khazali turn against his former leader, Muqtada al-Sadr?" (in Arabic), YouTube video, 2:25, posted by "Alhadath," August 15, 2022, https://www.youtube.com/watch?v=1P9Q0EQbt6g.
41. Michael Knights, "Profile: Asaib Ahl al-Haq," *Militia Spotlight*, Washington Institute for Near East Policy, April 27, 2021, https://www.washingtoninstitute.org/policy analysis/profile-asaib-ahl-al-haq-0.
42. Nibras Kazimi, "Iraq: What Was That All About? Flawed Methodologies in Explaining the Rise of ISIS," *Bustan: The Middle East Book Review* 8, no. 2 (2017): 151–70, available at https://www.jstor.org/stable/10.5325/bustan.8.2.0151.
43. On Sadr's 2022 exit from politics, see, e.g., "Experts React: Muqtada al-Sadr Withdraws from Politics. What's Next for Iraq amid a Deep Political Rupture," Atlantic Council, August 30, 2022, https://www.atlanticcouncil.org/blogs/menasource/experts-react-muqtada-al-sadr-withdraws-from-politics/; and Michael Knights, "Iraq's Two Coups— and How the U.S. Should Respond," *Fikra Forum*, Washington Institute for Near East Policy, August 3, 2022, https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/iraqs-two-coups-and-how-us-should-respond.

44. Faleh E. Jabar, *The Shi'ite Movement in Iraq* (London: Saqi, 2002).
45. Shonem Abdullah Khoshnaw, "A Leader in the New 'National Wisdom Movement' Reveals the Reasons for Hakim's Withdrawal from the Supreme Council" (in Arabic), Rudaw, July 7, 2017, https://www.rudawarabia.net/arabic/middleeast/iraq/250720173.
46. Kanan Makiya, *Republic of Fear: The Politics of Modern Iraq* (Berkeley: University of California Press, 1998). For more on Makiya himself, see George Packer, *The Assassins' Gate: America in Iraq* (Farrar, Straus & Giroux, 2005).
47. Joseph Sassoon, *Anatomy of Authoritarianism in the Arab Republics* (Cambridge: Cambridge University Press, 2016).
48. Ruth Ben-Ghiat, *Strongmen: Mussolini to the Present* (New York: W. W. Norton, 2020).
49. "Arrest Warrant for Iraq Vice President Tariq al-Hashemi," BBC, December 20, 2011, https://www.bbc.com/news/ world-middle-east-16256830.
50. Erdogan had advised Maliki not to become a modern-day Yazid, referring to the second Umayyad caliph, and accused him of ruling in an authoritarian fashion. See "Regional Interference, Instability and a Growing Sectarian Threat," in *Déjà Vu All Over Again: Iraq's Escalating Political Crisis*, Middle East Report 126 (International Crisis Group, July 2012), 10, https://www.crisisgroup.org/middle-east-north-africa/gulf-and-arabian-peninsula/iraq/ deja-vu-all-over-again-iraq-s-escalating-political-crisis.
51. Muhanad Seloom, "An Unhappy Return: What the Iraqi Islamic Party Gave Up to Gain Power," Carnegie Endowment for International Peace, November 19, 2018, https://carnegie-mec.org/2018/11/19/unhappy-return-what-iraqi-islamic-party-gave-up-to-gain-power-pub-77747.
52. 52 Hazem Saghieh, "The Life and Death of De-Baathification," *Iraq in Perspective*, nos. 117–118 (2007): 203–23, https://journals.openedition.org/remmm/3451.
53. 53 Mounia Bennani-Chraïbi and Olivier Fillieule, "Towards a Sociology of Revolutionary Situations: Reflections on the Arab Uprisings," *Revue Française de Science Politique* 62, nos. 5–6 (2012): 767–96, https://doi.org/10.3917/rfsp.625.767.
54. U.S. Department of the Treasury, "Treasury Sanctions Iran-Backed Militia Leaders Who Killed Innocent Demonstrators in Iraq," press release, December 6, 2019, https://home.treasury.gov/news/press-releases/sm847.
55. Gareth Browne, "Familiar Names Fade Away While Others Rise in Mosul Election," *The National*, October 14, 2021, https://www.thenationalnews.com/mena/2021/10/14/familiar-names-fade-away-while-others-rise-in-mosul-election/.
56. Ayad al-Dulaimi, "About the Play of the Corrupt in Iraq" (in Arabic), *al-Araby*, August 9, 2016, https://bit.ly/43eFBem.
57. "Alliance Between al-Halbousi and al-Khanjar Is Threatened with Disintegration" (in Arabic), *al-Arab*, January 19, 2023, https://bit.ly/44d3ILv; also see Sefa Mutlu, "Turkiye's President Meets Iraq's Parliament Speaker,

Political Leader in Istanbul," Anadolu Agency, February 26, 2022, https://www.aa.com.tr/en/middle-east/turkiyes-president-meets-iraq-s-parliament-speaker-political-leader-in-istanbul/2516161.

58. Simona Foltyn, "The Trouble with Halbousi: The Extraordinary Rise and Looming Fall of Iraq's Sunni Strongman," London School of Economics, June 16, 2023, https://blogs.lse.ac.uk/mec/2023/06/16/the-trouble-with-halbousi-the-extraordinary-rise-and-looming-fall-of-iraqs-sunni-strongman/. Weakening Halbousi has unified a group of parliamentarians, sheikhs, and activists under the "Anbar Coalition," which plans to run against him and Khanjar in upcoming municipal elections. See also Ahmed al-Dabbagh, "What Are the Chances for the Anbar Coalition at the Forefront of Iraq's Sunni Political Scene?" (in Arabic), Al Jazeera, May 25, 2023, https://bit. ly/44e2ShP.
59. Joey Hood, interview by authors, March 31, 2022.
60. For Iraqi public views, see, e.g., Munqith Dagher and Karl Kaltenthaler, "As Polls Show Increasing Dissatisfaction, Will Young Shias Turn the Tables on Iraq's Political System?" *Fikra Forum*, Washington Institute for Near East Policy, May 26, 2021, https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/polls-show-increasing-dissatisfaction-will-young-shias-turn-tables-iraqs-political; and Bilal Wahab, "Iraqi Freedom Confronts Iranian Domination," *Wall Street Journal*, November 11, 2019, https://www.wsj.com/articles/iraqi-freedom-confronts-iranian-domination-11573515793.
61. Winthrop Rodgers, "The 'Full Barzani': How Diplomatic Meetings with the Barzani Family Are Shaping Iraqi Kurdish Politics," *Fikra Forum*, Washington Institute for Near East Policy, April 8, 2022, https://www.washington institute.org/policy-analysis/full-barzani-how-diplomatic meetings-barzani-family-are-shaping-iraqi-kurdish.
62. See, e.g., Samara Azzi and Hanin Ghaddar, *Cash Cabal: How Hezbollah Profits from Lebanon's Financial Crisis,* Policy Note 136 (Washington DC: Washington Institute, 2023), https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/ cash-cabal-how-hezbollah-profits-lebanons-financial-crisis.
63. See Simona Foltyn, "'Heist of the Century': How $2.5bn Was Plundered from Iraqi State Funds," Guardian, November 20, 2022, https://www.theguardian.com/world/2022/nov/20/heist-century-iraq-state-funds-tax-embezzlement; and "The Bank Heist of the Century," *Economist*, July 28, 2023, https://www.economist.com/ films/2023/07/28/the-bank-heist-of-the-century.
64. Wahab, *Promoting Sovereignty and Accountability in Iraq*, https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/promoting-sovereignty-and-accountability-iraq-guidelines-biden-administration. The salient passage (p. 3) reads: "Despite a significant drawdown in the war against the Islamic State, Iraq raised the PMF's allocation in the 2021 national budget by 27 percent. In contrast, funds for the elite Counter Terrorism Service and the Ministry of Health—notwithstanding the coronavirus pandemic—were cut by 18 percent and 16 percent, respectively."

65. Barham Salih, "20 Years After Liberation, Iraq Needs Root-and-Branch Reform," *Foreign Policy*, April 24, 2023, https://foreignpolicy.com/2023/04/24/iraq-war-liberation-saddam-political-system-constitution-reform/; also see Dagher and Kaltenthaler, "As Polls Show Increasing Dissatisfaction," https://www.washingtoninstitute.org/ policy-analysis/polls-show-increasing-dissatisfaction-will-young-shias-turn-tables-iraqs-political.
66. Safwan Al-Amin and Bilal Wahab, "Iraq's Constitutional Moment?" PolicyWatch 3651, Washington Institute for Near East Policy, September 27, 2022, https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/iraqs-constitutional-moment.
67. As discussed in Wahab, "How to Stop Iraqi Kurdistan's 'Bleeding,'" https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/how-stop-iraqi-kurdistans-bleeding.
68. Yaqoub Beth-Addai and Michael Knights, "Rayan al-Kildani Pretends to Have a Personal Audience with the Pope," *Militia Spotlight*, Washington Institute for Near East Policy, September 9, 2023, https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/rayan-al-kildani-pretends-have-personal-audience-pope.
69. Bilal Wahab, PhD (@BilalWahab), "Someone with keen eyes has found FARA docs that the parties of Sunni leaders Speaker Halbousi and Khamees Khanjar retained Washington-based lobbyist firms earlier this year for $600,000 and $300,000 per year, respectively," post on X, September 13, 2023, 7:37 a.m., https://x.com/bilalwahab/status/1701922966232043580?s=46&t=MKhfcVouXCVt2iiRsU57gg.
70. Roberto Stefan Foa, "Why Strongmen Win in Weak States," *Journal of Democracy* 32, no. 1 (January 2021): 52–65, https://www.journalofdemocracy.org/articles/why-strongmen-win-in-weak-states/.
71. See, e.g., Munqith Dagher, "In the Power Struggle Between Sadr and Maliki, What Stream of Islamist Politics Will Prevail?" *Fikra Forum*, Washington Institute for Near East Policy, July 22, 2022, https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/power-struggle-between-sadr-and-maliki-what-stream-islamist-politics-will-prevail.
72. See, e.g., "Robbery of 28 Places in Iraq Worth $20 Billion" (in Arabic), *al-Araby*, August 2, 2015, https://bit. ly/3S19qNr.
73. See "Iraq," Freedom House, https://freedomhouse.org/country/iraq/freedom-world/2021; and "Media Use in Iraq and Iraqi Kurdistan," Broadcasting Board of Governors, https://bit.ly/45EZAEa.
74. Bilal Wahab, "Saving Iraqi Sovereignty: Iran, Turkey and a Fractured Homeland," *The National*, November 27, 2022, https://www.thenationalnews.com/opinion/comment/2022/11/27/saving-iraqi-sovereignty-iran-turkey-and-a-fractured-homeland/.
75. Wahab, "Iraqi Freedom Confronts," https://www.wsj.com/articles/iraqi-freedom-confronts-iranian-domination-11573515793.

76. Foa, "Strongmen in Weak States," https://www.journalofdemocracy.org/articles/why-strongmen-win-in-weak-states/.
77. See, e.g., "Iraq Country Report 2022," BTI Transformation Index, https://bti-project.org/en/reports/country-report/IRQ.
78. See U.S. Department of State, "Summit for Democracy 2023," https://www.state.gov/summit-for-democracy-2023/.
79. Amina Ismail, "Insight: An Assassination, a Feud and the Fight for Power in Iraq's Kurdistan," Reuters, December 5 2022, https://www.reuters.com/world/middle-east/an-assassination-feud-fight-power-iraqs-kurdistan-2022-12-05/.